# یادنامه

# سەرکردەیەکی بلیمەت و ژیری سەردەمێکی نوێی کوردایەتی

ڕۆڵەیەکی زیرەك و بەجەرگ و چالاك و بزێو، لەناوجەرگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە بەوپەڕی دڵسۆزی و پەرۆشەوە بۆ کورد و کوردستان چۆتە کۆڕی کوردایەتیەوە، لەسەردەمی وەرچەرخانێکی مێژوویی لەکوردایەتیدا.

ڕۆڵەیەکی وریا کە هەر لەهەرەتی لاوێتیەوە، هەر زۆر زوو هۆشیاری و ژیری پێوە دیاربوو، بیروباوەڕی نیشتمانپەروەریی و پێشکەوتنخوازیی لەدڵ‌ودەروونیدا دەدرەوشانەوە. ڕۆڵەیەکی زرنگ و هەڵکەوتووی ئا ئەوها کە زوڵم‌وزۆری داگیرکەرانی بەچاوی خۆی دیبوو، کە بۆردومانی شارە خۆشەویستەکەی لەلایەن فڕۆکەکانی ئیستیعماری بەریتانیاوە دیبوو، کە وەك ڕۆڵەیەکی پیاوێکی ڕەنجدەری جوامێر تامی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی چێشتبوو، کە هاوڕێ و هاوبیرەکانی کەسانی وەك شاعیری شۆڕشگێڕی کوردپەروەر فایەق بێکەس بووبن، هەردەبوو زوو دوژمنانی گەلەکەی بناسێت و خەباتکردن لەدژیان بەئەرکی پێویست و ڕەوا بزانێت. هەردەبوایە هاوکاری بێکەس و هاندەرانی ڕاپەڕینی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ بێت کە جەماوەری ڕەنجدەر و ڕەش‌وڕووتی سلێمانی بڵێسەکەیان هەڵگیرساند و خوێنیان بۆ ڕژاند و گوڵەکانی باغی بەردەرکی سەرایان پێ ئاودا، کەچی حاجی تاجریش هەرخەریکی فرۆشتنی توتنەکەی و کڕنوش بردن بوو بۆ عەرشی عێراقی.

ئا لێرەدا ئەو ڕۆڵە هەڵکەوتووەی خەڵك کە بەبلەی ئەحەرەش خۆی ناساند بەخەڵك و پاشان بەمامۆستای ژیر و بلیمەت (برایم ئەحمەد) ناوبانگی دەرکرد، هەردەبوایە شوێنی خۆی لەخەباتی ڕزگاری و نیشتمانیدا لەڕیزی ڕەنجدەران و شۆڕشگێڕە دڵسۆزەکان و خەباتگێڕە کۆڵنەدەرەکاندا بدۆزێتەوە و لەدژی ئیستیعمار و داگیرکەران و نۆکەرە چەوسێنەرەکانی خۆماڵیشیان بێت، هەردەبوایە دوژمنانی گەلەکەی بناسێت کە ئیستیعمار و حوکمی داگیرکەری نۆکەری و چەوسێنەرە خۆفرۆشەکانی خۆماڵیش بوون، چ دەرەبەگە زۆردارە خۆفرۆشەکان و چ سەرمایەدارە مشەخۆرە چڵکاوخۆرەکانی ڕژێمی داگیرکەربن.

ژێرکەوتنی شۆڕش و ڕاپەڕینە نیشتیمانیەکانی شێخ مەحمودی نەمر و شێخ ئەحمەدی بارزانی نەمر و جاشایەتیکردنی دەرەبەگەکانی نۆکەرانی داگیرکەران، هەردەبوایە ئەم دەرسە فێری ڕۆڵەیەکی ژیری وەك کاکە بلەی لاوی هۆشیار بکات کە سەردەمی سەرکردایەتی خێڵەکی و خانەدانەکانی کوردستان ڕۆژیان لەئاوابوون و دەوریان لەبەسەرچوونە . . . ئیتر نۆبە و نۆرەی خوێندەواری شاریی شۆڕشگێڕ و هۆشیارە کە ببنە ڕێنوێن و هۆشیارکەرەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی کە خەباتی کوردایەتی لەشاخەوە گواستبوویەوە بۆ شار، ئەمەش بووە وەرچەرخانە مێژووییەکەی کوردایەتی کە شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ جارەکەی دابوو.

بەڵێ، لەو سەردەمە نوێیەدا کوردایەتی ژیرێکی هۆشیاری ئازا و نەبەزی گەرەك بوو، پێویست بوو، کە تەعبیری لێبکات و ڕێنوێنی بۆ بکات. وەك هەمیشە لەمێژوودا لەوجۆرە وەرچەرخانانەدا، پێویستیەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لەڕووی بابەتیەوە دروستدەبن و دێنەکایەوە، بەڵام کەسانی ژیر و

هۆشیار و هەڵکەوتوو، بگرە بلیمەتیشی دەویٚ تاکو تێیانبگەن و لەمێژوودا هەڵیانبێنجن و ئاڵاکەیان بەرزبکەنەوە و دژایەتی کەندوکۆسپەکانی ڕەوتەکەی بکەن. مامۆستا برایم ئەحمەدیش ئەوبلیمەتە ژیر و هۆشیارەی کوردایەتی بوو، کە هەر لەسەرەتای لاوێتی و سەرەتای ژیانی خەباتگێڕانەی خوێدا ڕاستیەکانی زانیبوو، ئەرك و پێویستیەکانی سەرشانی خۆی دەرك کردبوو، شوێنی خۆی لەڕیزی خەباتگێڕاندا دیاریکردبوو.

لەیادگاروهیوادا—ئەو قەسیدە نەمرەی کە خۆی لەخۆیدا داستانی خەبات و ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی ژیانە—زۆربەی ئەوانەی باسکردووە، مانای ژیان و ئامانجەکانی، ڕێزی خۆی لەناو خەڵکدا، ئامانجەکانی خۆی، ڕێباز و دیدی خۆی بۆ ژیان و خەبات بەچاکی دیاریکردووە:

١-ژیان بەلای مامۆستا برایمەوە خەبات و فیداکاری وخۆبەختکردن بووە لەپێناوی ڕزگاریی نیشتمان و گەلەکەیدا:

ژیان بەلاتیەو بێدەسەڵاتی　　　هیچ درۆی نەبیٚ سەد مەرگە ساتی

مرۆڤ بەدیلی بژی خۆشە یان بمریٚ بۆ بەرزی گەل و وڵاتی

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان　　　چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

لەزرەی زنجیر دڵت نەلەرزیٚ　　　پێوەند بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان

بنوارە چەند جوان باس ژیانی بندەستی و بیٚ(حکومەت)بوون دەکات، چۆن ئەو جۆرە ژیانە بەلاتی و ژێردەستی، هەرساتێکی بەسەد جۆر مردن دادەنیٚ، چۆن نیشانیدەدا کە خۆشیی لەو ژیانەدایە کە بەختەکرێت بۆ بەرزیی گەل و نیشتمان، هەروەك لاوان هاندەدات بۆئەوەی لەم ڕاستیە بگەن کە هیچ دەستکەوتێك بیٚ نرخ و زیان نایەتەدی، بۆیە دەڵیٚ بەهەموو جۆرە ژیانێکی بندەستی و سەرشۆڕیی ڕازی مەبن بەڵکو خۆبەختکەن لەپێناوی ژیاندا، ژیانی گەردن ئازادی و سەربەستی هەروەك لەم چوارخشتەکیەدا ڕوونتری دەکاتەوە:

شیرین بەهارە بەهاری شادان　　　بیٚبەهرەن لەژین گەل نامرادان

جەژن و بەهار و سەیران و خۆشی　　　گشتی پیرۆزی گەردن ئازادان

گەر باش وردبینەوە لەناوەڕۆکە پڕماناکەی، دەبینین کە مامۆستا برایم بەهاری شادی و جەژن و سەیران و خۆشی، لەڕزگاربوون و گەردن ئازادیدا دەبینێت، واتە ڕزگاری و ئازادی مایەی ئەو شادی و خۆشیەن، دەستەبەری ئەو بەهاری شادی و سەیرانە خۆشەی ژیانن. لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو بەهاری شادی و جەژن و خۆشیەی ڕاستەقینەشدا دەبیٚ لەزیندان و گرتن نەترسین، چونکە کۆت و زنجیری بەندیخانە هەر لەش دەبەستێتەوە، بەڵام گیانی خەباتگێڕیی و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەی پیٚ زەوت ناکرێت.

٢-مامۆستا برایم جێگەی خۆی لەبەرەی هەژاراندا دۆزیوەتەوە، دەڵێ:

ئەوسا کە چوومە ڕیزی دڵداران پێی وتم سەردار هۆزی هەژاران

بێ دابنیشین لەپای دیواران زنجیر لەگەردن چوون گوناهکاران

دیارە لێرەدا دڵداران ڕەمزی خەباتگێڕانە و سەرداری هۆزی هەژارانیش پێشڕەوەکەیانە، ڕێبەرەکەیانە، زۆریش ئاسایی بووە، ئەو جێگەیە بۆ خۆی هەڵبژێرێت، نەك هەر لەبەرئەوەی کە خۆی لەبنەماڵەیەکی ڕەنجدەرەوە هاتووە، بەڵکو لەبەرئەمەش کە ڕەنجدەر و ڕەش‌وڕووتەکانی دیووە لەخوێندا تلاونەتەوە لەڕاپەڕینی شەشی ئەیلولدا، بەپێچەوانەی ئەوانیش دەرەبەگ و سەرمایەدارە مشەخۆرەکان (چەپکە گوڵبەر) بوون بۆ عەرشی عێراقی.

هەروەك خەباتگێڕە شۆڕشگێڕەکانی وەك فایەق بێکەسی نەمر و هاوڕێکانیشیان هەر لەناوجەرگەی جەماوەرەوە هاتبوون. لەوساوە مامۆستا برایم هەرگیز بەرەی ڕەنجدەرانی بیروبازووی بەرنەداوە، هەر لایەنگری جوتیاران بووە دژی دەرەبەگایەتی، هەر پشتیوانی کرێکاران و هەژاران بووە دژی زۆرداران و خوێنمژان، لەسەر بنجی ئەو بیروبۆچوونەشیەوە، لەگۆڤاری گەلاوێژدا چەندین چیرۆکی وەك (کوێرەوەری و کەرەلۆتی مەنوچەر)ی نوسیووە کە تیایاندا لەدەرد و ئێش‌وئازاری جوتیاران دەدوێت و زوڵم‌وزۆری میری و دەرەبەگەکان ڕیسوا دەکات. پاشانیش هەرهەمان بیروبۆچوونی خستە ناو پرۆگرامی پارتی و کردنی بەبەرنامەی خەباتی تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستانی عێراق.

٣- هەر لەسەرەتاوە، داوای خۆکۆکردنەوە و خۆڕێکخستن و خۆسازدانی کردووە، لەپێشەوە بەنهێنی، هەروەك دەڵێ:

لەبەر چاوی بەد لەترسی بەدکار دڵی خۆم ئەکەمە کۆڕی یادگار

بەگریانی وشک بەناڵەی بێدەنگ دێنمە لەرزین تەختی کردگار

واتە خەبات بەنهێنی لەترسی داگیرکەری بەدکار و لەترسی نۆکەر و جاسوسەکانی، بەڵام ناودڵ پڕدەکەین لەیادگاری دێرین، بێزارییش لێیان بەگریانێکی وشك واتە شاردراوە، بێنوکەنوك و فرمێسك هەڵڕشتن، بەناڵەیەکی دلێرانەی بێدەنگ، بێهاتوهاوار و قیژەقیژ، بەڵام بەجۆرێك کارێگەر بێت کە تەختی کردگار بێنێتە لەرزین، واتە هەوڵ و تەقەللا و کۆششی هێندە بەگوڕوتەوژم بێت، تەختی داگیرکەر بهەژێنێت.

هەرچەندە مامۆستا برایم خەباتی لەشار کردووە و لەسەردەمی ئەو خەباتەشدا هاتۆتە کۆڕەکەیەوە وەك پاشان باشتر باسیدەکەم، بەڵام گرنگی و بایەخی خەباتی شۆڕشگێڕانەی شاخی فەرامۆش نەکردووە و زۆری بەلاوە بەکەڵك و بگرە برین سارێژکەر بووە، با وردبینەوە لەم چوارخشتەکیە:

شێوەی شیرینی کەژی خوێنینم　　شیرێکە لەسەر زامی برینم

ڕزگارکردن و بەرزی وڵاتم　　　هیوای گیانمە و ئامانجی ژینم

ببینە چۆن شێوەی چیای بەخوێن ڕەنگینکراو، واتە بەخوێنی شۆڕشگێڕان و پێشمەرگە، چۆن بەشێوەیەکی شیرین و جوان دادەنێت و ئنجا بەو شیرە برین سارێژکەرەی دادەنێت کە زامی برینەکە چارەدەکات. لێرەدا جارێکی تریش ئەرك و هیوای گیانی خۆی و ئامانجی ژیانی خۆی دیاریدەکاتەوە، ئەرکی ڕزگارکردنی وڵات و پێشخستنی و بەرزکردنەوەی، دەکاتە هیوای گیانی و ئامانجی ژینی خۆی.

ئەو هەموو بەیتە نایاب و جوانانەی یادگاروهیوا، ئەو هەموو مانا گرنگ و پڕبایەخانە لەزاری لاوێکی (١٨) ساڵەوە هاتوونەتەدەر و بوونەتە ویردی سەرزاری ڕۆڵە هۆشیارەکانی سەردەمی خۆی و پاشان بەگۆرانی خوالێخۆشبوو تایەر تۆفیقی تێکۆشەری کۆیی بەگوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاندووە. بۆیە هیچ موبالەغەی تێدا نابێت کە بڵێین ئەم لاوە، کاکە بلە، ڕۆڵەیەکی دڵسۆز و هۆشیار و هەڵکەوتووی کوردەواری بووە و خەباتگێڕێکی ژیر و دووربین و شۆڕشگێڕێکی دۆست و دوژمنناسی کوردایەتیش بووە.

هەروەك بەچاکی نۆبەرەی ئەو سەردەمە نوێیەش بووە لەکوردایەتیدا کە هەر لەسەرەتای سەردەمەکەوە خەباتگێڕی ژیری بووە و وردەوردەش بۆتە هەڵگری ئالای داخوازیە ڕەواکانی و نیشاندەری مەرجەکانی سەرکەوتنی و ئنجا بۆتە ڕێبەری و وەك سەرکردەیەکی بلیمەت و ژیر و هۆشیار دەورێکی مێژوویی بینیوە تێیدا.

## *سەردەمێکی نوێی کوردایەتی*

ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی سلێمانی لەشەشی ئەیلولی (١٩٣٠)دا، بەڕێبەریی خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکان و بەشدارییەکی کاریگەری ڕەنجدەران و خەڵکی ڕەشورووت و دوکاندارانی سلێمانی، سەرەتای وەرچەرخانێك بوو لەکوردایەتیدا، هەروەك دەستپێکی سەردەمێکی نوێی کوردایەتیش بوو.

هەرچەندە دوای شەشی ئەیلول شێخ مەحمودی نەمر دەستیکردەوە بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدار و پاشان دوای ماوەیەك ڕاپەڕینی بارزانیش بەسەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی نەمر دەستیپێکردەوە، بەڵام زۆری نەخایاند هەردووکیان کوژانەوە: شێخ مەحمود ناچارکرا لەگەڵ بەغدا سازش بکات و شەرتەکانیان قبوڵبکات و شێخ ئەحمەدیش بەناچاری ڕوویکردە تورکیا و لەوێشەوە بەگیراوی گەڕاندرانەوە عێراق و ڕەوانەی خوارووی عێراق کران.

لەئەنجامی خۆبەدەستەوەدانی ئەو دوو سەرکردە شۆڕشگێڕەی کورد، ئیتر دۆڵ و دەشت و شاخی کوردستان چۆڵکرا لەچەکدارە شۆڕشگێڕەکان، هەرچەندە چەند تاقمێکی بچووکی پاشماوەشیان لەبارزان و دزڵی و دەوروبەری مابوون، بەڵام ئاگردانەکان کوژابوونەوە، هەم لەکوردستانی خواروو، هەم لەبەشەکانی تری کوردستاندا، بەڵام کوردایەتی وەك بزوتنەوەی ڕزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستان

دوایی نەهاتبوو. هەلومەرجەکانی بابەتی و تایبەتی کوردایەتی هەر زیندوو مابوونەوە، هەرچەندە شێوە و شـوێنەکانی کوردایـەتیش گـۆڕانی بەسـەرداهاتبوو، چـونکە جگەلـەوەی لەسـەرەوە باسمـانکرد، کوردەواریش (مجتمعی کوردی) تا دەهات گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بەسەردا دەهات.

شـارەکانی کوردسـتان لـەدوای وێرانکاریـەکانی شـەڕی جیهـانی یەکـەم وردەوردە بوژانـەوە، بـازاڕ و کاسبی و بازرگانی دەستیپێکردبووەوە، ئاڵوگۆڕی نێوان شار و لادێکانی کوردستان لەپەرەسەندندا بوو، هـەروەك بازرگـانی کوردسـتان لەگـەڵ شـارەکانی عـەرەبی عێـراق ڕوو لـەزیادیبوو. بـەجۆرێك کـە توێـژی کاسبکار و دوکانـدار وردەوردە وەك بـۆرژوازی خۆمـاڵیی کـورد سـەریهەڵدابووەوە و لەپەرەسـەندندا بـوو، شانبەشـانی ئـەویش توێـژێك لەخوێنـدەواری نـوێ جگـە لەمـەلا و فـەقێی مزگـەوت و تەکیـە و خانـەقاکان، پەیدابووبوون، بەمجۆرە هەلومەرجی بابەتی پەیدابوونی توێژی نوێ، لەشارەکاندا نەك لـەلادێ، پێکهـاتوو لەکاسبکار و دوکاندار و خوێندەوار هاتبووەکایەوە.

کوردایـەتیش وەك ڕووداوێکـی مێـژووکردی بابـەتی کـە دەبـوو هەرهـەبێت، لەشـارەکاندا سـەریهەڵدابوو زۆریش ئاسایی بوو لەسەر دەستی خوێندکاران و بەهاوکاری کاسبکاران بێتەکایەوە. سەبارەت بەوەی کە خوێنــدکاران توێــژی خوێنــدەوار و هۆشــیاری کــوردەواری بــوون کــە زووتــر و باشــتر لەوەزعەکــە و پێویستیەکانی بابەتیی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی تێدەگەیشتن. شتێکی ئاساییش بـوو، سروشـتی بـوو، کـە خوێنـدەوارە زیـرەك و هۆشـیار و وریـا و هەڵکـەوتووەکانی وەك مامۆسـتا بـرایم ئەحمـەد زۆرتـر و باشـتر لەوەزعەکـە بگـەن و باشـتر ئاشـنای پێویـستیەکانی گەشـەکردنی کوردایـەتی و پێویـستیەکانی سـەرکەوتنی بـن و ژیرانـەتر ئـاڵای داخـوازیی و ئـاوات و ئامانجـە گونجاوەکـانی لەگـەڵ هەلومەرجی بابەتیی نوێ و تایبەتی تازەدا هەڵبگرن.

بـەمجۆرە دەبیـنین کـە هەلومەرجـەکانی بابـەتیی لەگـەڵ هەلومەرجـەکانی تایبـەتی یەکدەگرنـەوە و خوێندکاران–کە بەگشتیش لەوڵاتی دواکەوتوو لەڕووی پیشەسازیەوە– پێشڕەوی کۆمەڵ دەبن–با بۆ ماوەیەکیش بێت– بوونە ئاڵاهەڵگری کوردایەتی. دیارە لەناو خوێندکارانیشدا هەرەچالاك و ئازا و ژیر و هۆشیارەکان دەبنە پێشڕەویان. جا مامۆستا برایم کە هەموو ئەو خاسیەتانەی لەخۆیدا کۆکردبووەوە و لەناوجەرگەی خەباتی شاری سلێمانیشەوە، لەبنەماڵەیەکی ڕەنجدەریشەوە هاتبوو، بوو بەپێشڕەوی ئەو پۆلە خوێندەوارەی کورد کە لەبەغداوە ئاڵای کوردایەتییان هەڵدەکرد، لەپێشەوە بەشێوەی نوسین و شیعر و ئەدەب، ئنجا هەندێ چالاکی سیاسی و فیکری و کومەڵایەتی.

لەوڵاتانی تری دنیای سێیەمیشدا هەروا بووە، هەر خوێندەواران پێشڕەوی بزوتنەوەکانی نیشتمانی و تەنانـەت چـینایەتیش بـوون، جوڵانـەوەی کرێکـارانیش–بگـرە حیزبـە کۆمەنیـستەکانیش–بەدەسـتی خوێنـدەواران خەملێنـدراون و هانـدراون و ڕێکخـراون، بۆیـە کوردایـەتیش کـە بزوتنـەوەی ڕزگـاریی و دیموکراتیی خەڵکی کوردستان بوو، لەجەوهەریدا لەم قانونە بەدەرنەبوو، جا بەڕەچاوکردنی خاسیەتە تایبەتیـەکانی مامۆسـتا بـرایم شـتێکی سروشـتی بـوو کـە باشـتر لـەلاوانی تـر لـەناوەڕۆکی کوردایـەتی سـەردەمی خـۆی بگـات و هـەوڵی بەرنامەڕێژیکردنیـشی بـۆ بـدات، کـە ئـەم بەرنامەڕێژیکردنـەی بیروڕا و

بۆچوون و هەڵوێستەکان یەکێکە لەخاسیەتە دیارەکانی مامۆستا برایم هەر لەسەرەتای لاوێتیەوە هەتا مردنی.

دیارە چوونی مامۆستا برایم بۆ بەغدای پایتەختی عێراق و نێوان و پەیوەندیەکانی لەگەڵ بیرڕووناك و پێشکەوتنخوازە چەپەکانی عێراقیش کاریانکردووەتە سەری. مامۆستا برایم بەهۆی خوالێخۆشبوو ڕەشید عارفەوە گەیشتووەتە نادی بەغدا کە کەسانی وەك نەمران (چادرچی، عەزیز شەریف، عەبدولفەتاح ئیبراهیم)ی ناسیوە، بەهۆی دۆستایەتیشی لەگەڵ خوالێخۆشبووان (سەمەد مەنجەل و یوسف مەتی)یەوە کەسانی وەك (زەکی خەیری و عەبدولقادر ئیسماعیل و زنون ئەیوب)ی ناسیوە و دۆستایەتیەکی باشیان پێکەوە هەبووە.

لەئەنجامی بەزۆر داگیر و دابەشکردنی کوردستان بەسەر حکومەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و نەمانی ڕاپەڕینە چەکدارەکانی کورد و خۆبەدەستەوەدانی سەرکردەکانیان و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سێڤر و سەرخستنی پەیمانی لۆزان و کرانی کوردستانی خواروو بەبەشێك لەحکومەتی عێراق، چەندین واقیعی نوێ هاتنەکایەوە کە نەدەکرا لاوێکی ژیری وەك مامۆستا برایم نادیدەیان بگرێت: ئیتر دۆست و دوژمنانی کوردایەتی کەوتبوونەڕوو، خەیاڵپلاوەکانی بەدیهێنانی مافی کورد بەهۆی ئینگلیز و دەوڵەتە ئیستیعماریەکان، باهۆزی ڕاستی و ڕووداوە تاڵوتفتەکانی ڕایماڵیبوون.

ئیستیعماری ئینگلیزی نەك ڕزگارکەر نەبوو، بەڵکو داگیرکەر و سەپێنەری دابەشکردنی کوردستان و بەزۆرلکاندنی کوردستانی خواروو بوو بەعێراقەوە، هەروەك پارێزەری ئەو دەوڵەتە عێراقیە بوو کە خۆی دروستیکردبوو و خاتوو (میس بێڵ)یش تاجەکەی بۆ شا فەیسەڵ نەخشاندبوو. لەشکری ئینگلیز، تۆپ و تەیارەی ئینگلیز کە بۆ یەکەمین جار بەخەستی دژی کوردایەتی بەکارهێنرابوون، بەتایبەتی فڕۆکەکانیان کە تاقیکردنەوەیان لەکوردستاندا دژی شۆڕشگێڕان و دێهات و ماڵی کوردان ئەنجامدەدا، پارێزەری یەکێتی عێراق و دەوڵەتی عێراق بوون، بۆ عەرەبی عێراقیش بەتایبەتی شیعەی عەرەبی عێراق و ئازادیخوازی عەرەبیش دەرکەوتبوو کە ئیستیعمار پارێزەری دەسکەوتەکانی خۆیەتی لەعێراقدا. لەم واقیعەدا مامۆستا برایم ئەم ڕاستیەی هەڵێنجا کە ئیستیعمار دوژمنی کوردایەتیە و لەهەمان کاتیشدا دوژمنی زۆربەی خەڵکی عەرەبی عێراق و ئازادی و سەربەخۆیی عەرەبی عێراقیشە، واتە دوژمنێکی هاوبەشی هەردوو گەلی کوردو عەرەبە.

لەم ڕاستیەوە و لەپەیوەندیەکانیشی لەگەڵ چەپ و پێشکەوتنخوازانی عەرەبی عێراقی کە شیوعیەکانیان دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان هەڵکردبوو و پێشکەوتنخوازانی دیموکراتیش حوکمی زاتییان دەسەلماند بەتایبەتی سەرکردەی نەمری عێراق جەعفەر ئەبو توممەن، مامۆستا برایم ڕاستیەکی تریشی هەڵێنجابوو کە ئەویش برایەتی و هاوخەباتی کورد و عەرەبە لەدژی دوژمنی موشتەرەك لەپێناوی ئامانجی هەردوو گەلیشدا. ئەمە لەکاتێکدا لەلای نەتەوەپەرستە تەنگبینەکانی کورد و عەرەب بەدوژمن دادەنران، کەچی مامۆستا برایم بەمەی خوارەوە وەرام دەداتەوە:

(کوردیش وەك برا عەرەبەکانیان ئەیانەوێ لەکۆتوبەندی زیللەت و کۆیلەیەتی ڕزگاریان بێت، و ئەیانەوێ زمان و کەلتوور و ڕەگەزی خۆیان بپارێزن، لەبەرئەوەی ئەم پارێزگاریکردنە زیان بەبەرژەوەندی

هیچ گەلێك لەگەلان ناگەیێنێ بەڵكو بەسوودە بۆی، چونكە پێمان وایە بەرژەوەندی گەلان لەهەموو بارودۆخێكدا هەرهەمان بەرژەوەندیە، بۆیە لەسەریان پێویستە لەنێوان خۆیاندا هاوكاری بكەن لەپێناو گەیشتن بەئامانجە هاوبەشەكانیان، چونكە كورد دۆستی عەرەبن و هاوبەشی مەینەتیەكانیانن، و هەردووكیان گرفتاری یەك دەردن و هەردووكیان یەك دەوایان هەیە، كەواتە ئێمە هاوڕێین لەڕێگەی بەرەو ڕزگاریماندا)[1].

دیارە مامۆستا برایم لەم ڕاستیەش گەیشتبوو كە چیتر خەباتی كوردان لەپێناوی ڕزگاریدا وەك پێشو نابێت، هەر خەباتێكی كوردی پەتی بێت، هەر خەباتێكی سەربەخۆی كوردانەی ڕووت بێت، بەڵكو دەبێ كوردایەتی هاوخەبات بێت لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەلاَت بەگشتی و گەلی عەرەبیش لەعێراقدا بەتایبەتی. هەر بۆیەش پشت ئەستوور بەنێوانی دۆستانەی دێرینەی كورد و عەرەب ئەمەی خوارەوە دەڵێ:

(گەر سەیرێكی ڕەوتی پەیوەندەیەكانی نێوان كورد و عەرەب بكەین هەر لەسەردەمی هاتنی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ، دەبینین چاكترین ئاستی پەیوەندی دۆستانە و لێكگەیشتن و ئاشتیانە بووە لەنێوان دوو گەلی دراوسێدا. پێشتر باسی پەیوەندی مێژوویی و كەلتووری و هاوسێیەتی نێوان كورد و عەرەبمان كرد و زانیمان كە پەیوەندیەكانی نێوان ئەم دوو گەلە لەهەموو سەردەمەكانیدا دۆستانە بووە، و ئێستاش پشت ئەستوور بەو پەیوەندیانەی لەڕابردوودا بنیاتمانناوە و ئەو یەكێتی ئامانج و مەبەستەی لەئاییندەدا كۆماندەكاتەوە، پێویستە لەسەرمان هەوڵەكانمان بەجۆرێك ڕێكبخەین كە چاكترین بەرهەم بۆ بەرژەوەندی هەردوو گەل بەدەستبهێنێت، كەواتە با دەست لەناودەست و بەلێكگەیشتنەوە ببینە پشتیوان بۆ یەكتر، زیاتر لەوەی ئێستامان، با هەردوو گەلی كورد و عەرەب پێكەوە برابن، با لەم پێناوەدا بەهەموو توانامانەوە كاربكەین و هەوڵەكانمان ڕێكخەین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئیمپریالیزم بەهەموو جۆر و ڕەنگەكانیەوە، لەپێناو ئامانجە هاوبەشەكانماندا)[2].

بەمجۆرە مامۆستا برایم برایەتی گەلی كورد و عەرەب و هاوخەباتییان و یەكێتیی تێكۆشانیان بەرنامەڕێژیی دەكات، بەلاَم مامۆستا برایم بۆ چەسپاندن و درێژەپێدانی ئەو برایەتیە قاعیدەیەكی زێڕینی دیاریكردووە كە مافی چارەی خۆنوسینە. سەلماندنی مافی چارەی خۆنوسین بەبەردی بناغەی برایەتی و پێكەوەژیانی گەلی كورد و گەلی عەرەب دادەنێت كە تا ئیمڕۆش دروشمی ڕاست و ڕەوای هەموو ئازادیخوازانی ڕاستەقینە و پێشكەوتنخوازانی كورد و عەرەبە، چونكە بێ سەلماندنی ئەم مافە، برایەتیەكە نابێتە برایەتی و پێكەوەژیانیش بەخۆشی و بەئاشتی دابین نابێت، هەر وەكیەكیەكی ڕاستەقینەش لەهیچ بوارێكی سیاسی و ئابووری و كەلتووری و،... هتد دروست نابێت.

مامۆستا برایم هەرزوو لەم ڕاستیەش گەیشتووە كە بۆ برایەتی و هاوخەباتی كورد و عەرەب، بەگژاچوونی (دەمارگیریی نەتەوەیی كوێرانە)ش پێویستە، بنواڕە چەند جوان دەڵێ كە پێش ئەوەی باسی قاعیدەی هاوكاری هەردوو گەلی كورد و عەرەب بكەین كە قاعیدەی مافی چارەی خۆنوسینە، ڕووناكبیرانی كورد و عەرەب هۆشیاردەكاتەوە لەئاكامی بەدی (دەمارگیریی نەتەوەیی كوێرانە) و دەڵێ: (بەڵێ،

---

[1] لاپەڕە (٢)، چاپی دووەمی (الاكراد و العرب)، بەغدا ١٩٦١.

[2] پێشەكی ئیهدایەكەی (الاكراد و العرب)، ساڵی ١٩٣٧.

پێویستە ڕووناکبیرانی کورد و عەرەب نەک هەر لەدەمارگیریی نەتەوەیی و ڕەگەزیی کوێرانە خۆ دووربگرن، بەڵکو دژی بیرە ڕووخێنەرەکانیشی بوەستنەوە.. ).

پاشان مامۆستا برایم کۆتاییەکەی بەمەی خوارەوە دێنێتەوە: (و لەکۆتایشدا داوا لەهەردوو گەلی کورد و عەرەب دەکەین بەهاوکاریی و برایانە، پێکەوە بڕۆن بۆ پێشەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوە لەڕێگەی ڕزگارییاندا)، واتە هەردوو گەل پێویستە دژی ئیستیعمار و دژی چەوساندنەوە خەبات بکەن، پێویستە پێکەوە دەست لەناودەست درێژە بەو خەباتەیان بدەن چونکە هەردووکیان هاوڕێن لەڕێگەی ڕزگارییاندا.

جگە لەبرایەتی و هاوخەباتی کورد و عەرەب، مامۆستا برایم هەرزوو باسی بەرەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی تێکۆشەر لەپێناوی ڕزگاریدا دێنێتە کایەوە. هەرزوو دژی شەڕی ئیستیعماری دەدوێت و باس لەخەبات لەپێناوی ئاشتی و دیموکراسیدا دەکات کە ئەوانەش دروشمە باوەکانی پێشکەوتنخوازانی ساڵانی پێش شەڕی دووەمی جیهانی بوون.

هەموو ئەو بیروبۆچونانەشی لە (إهدا)ی نامیلکەکەیدا هاتوون نامیلکەی (الاکراد و العرب): بۆ لایەنگری گەلانی ژێردەست لەخەباتی ڕزگاریخوازییاندا، بۆ دوژمنانی جەنگ و ئیمپریالیزم و دۆستانی ئاشتی و دیموکراسی، بەڵام بەلای مامۆستا برایمەوە ڕێگەی ئەو برایەتی و خەباتە یەکگرتووەی هەردوو گەلی کورد و عەرەب ڕێگەی توانەوە نەبووە لەناو حیزبە عێراقیەکان، ڕێگەی تواندنەوەی کوردایەتی نەبووە لەبۆتەی خەباتی نیشتمانی عێراقیدا، بەڵکو ڕێگەی زانینی ئەم ڕاستیە بووە کە کوردایەتی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دیموکراتی بابەتی و مێژوویی گەلێکی زۆرلێکراوە کە هەر درێژەی دەبێت، بەڵام باشتروایە شانبەشانی گەلی عەرەب و دەست لەناودەستی تێکۆشەرەکانی ڕێگەی ڕزگاری و دوژمنایەتیکردنی ئیستیعمار و چەوساندنەوە بێت. هەربۆیەش مامۆستا برایم هەرچەندە زۆر دۆستی شیوعیەکان و پێشکەوتنخوازانی عێراقی بووە بەڵام نەچۆتە ناو حیزبەکانیانەوە چونکە باوەڕی بەپێویستی بوونی پێشڕەوی تایبەتی هەبووە بۆ کوردایەتی.

مامۆستا برایم باوەڕیشی بەچوونەناو هەموو حیزبێکی کوردیشەوە نەبووە، چونکە ئەو باوەڕی بەحیزبێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازی کوردستانی هەبووە، هەربۆیەش نەچووەتەناو هیواوە و بەڵکو هەرزوو چووەتەناو (ژ. ک)ی کوردستانیەوە کە پاشان بوو بەحیزبی دیموکراتی کوردستان.

بەمجۆرە دەبینین کە مامۆستا برایم لەهەرەتی لاوێتیشدا وەک خەباتگێڕیکی ژیر و دووربین بایەخی خەباتی گەلانی ڕزگاریخوازی زانیوە لەو ساڵانەی سییەکاندا کە فاشیزم لەئیتاڵیا و ناتسیزم لەئەڵمانیا بوقی شەڕیان لێدەدا، ئەویش وەک تێکۆشەرێکی پێشکەوتنخواز ئاڵای ئاشتی و دیموکراسی هەڵگرتووە و هاودەنگی دوژمنانی شەڕ و ئیستیعمار بووە و دەستخۆشی لەلایەنگرانی گەلانی ژێردەست و چینە چەوساوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کردووە، بەڵکو جاڕیشی بۆ داوە، واتە ئەوسا مامۆستا برایم لەیەکێتی خەباتی گەلانی ژێردەست و چینە چەوساوەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا واتە کرێکاران و ڕەنجدەرەکانیان گەیشتووە و پیرۆزبایی لێکردووە.

کەواتە مامۆستا برایم هەر لەسییەکانی سەدەی بیستدا جاڕی دوژمنایەتی خۆیداوە لەگەڵ ئیستیعمار و شەڕخوازان و خوێنمژان و خۆشی وەك خەباتگێڕێکی ڕێگەی ڕزگاری گەلان لەزوڵموزۆری ئیستیعمار و چەوساندنەوەی زۆرداران خستوتەڕوو. بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی بەچاکی لەناملیکەی (الاکراد و العرب)دا دەدرەوشێتەوە، لەمەودواش هەر بەهەمان شێوە لەنوسین و چیرۆکەکانیشیدا درەوشاونەتەوە.

مامۆستا برایم پێی وابووە کە کوردایەتی پێویستی بەپێشڕەوێکی دیموکرات و شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز هەبووە-نەك حیزبێکی نەتەوەپەرستی کۆنەپەرست- کە هاوخەباتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەلان بکات و گەلی کوردیش بەڕێبازی ئاشتی و دیموکراسیدا لەگەڵ کاروانی گەلانی زۆرلێکراو و چینە خوێنمژراوەکانی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژاوادا ڕێبەری بکات، ئیستیعمار و شەڕخواز و چەوسێنەرەکانیشی بەدوژمنی گەلی کورد و گەلانی تری ڕۆژهەلاّت و دنیا ناسیوە.

## خەباتی مامۆستا برایم لەچلەکانی سەدەی بیستەمدا

هەروەکو پێشتریش باسمکرد مامۆستا برایم لەو سەرکردە ژیر و پێشکەوتنخوازانەیە کە بیروباوەڕەکانی خۆی بەرنامەڕێژی کردووە لەهەموو بوار و لایەنە جیاجیاکانی چالاکیەکانیشدا. لەچلەکاندا مامۆستا برایم هەرچەندە بەناچاری کراوە بەحاکم و لەو پیشەیەشدا نموونەی دادپەروەری دڵسۆز و پاك بووە، بەلاّم لەچالاکی ئەدەبی و ڕووناکبیری و سیاسی خۆشی نەکەوتووە.

ئەگەر (یادگار و هیوا) و (الاکراد و العرب) و ئەو وتارانەی لەئینگلیزیەوە لەدژی فاشیزم و شەڕ و ئیستیعمار وەریدەگێڕان، بەشاکارەکانی ئەو سەردەمەی بژمێردرێن ئەوا لەچلەکانیشدا (بەرەو ڕووناکی) و چیرۆکەکانی (کەرەلۆتی مەنوچەر) و (لەولاّتی قارەمانان) و (خازێ) و (کوێرەوەری) و شیعرە نایابەکەی لە(شینی پێشەوا قازی محەمەد)دا و (دوا تیری کەوان) ئەوا هەر بەڕاستی شاکاری گەشەکردنی بیروبۆچونەکانی و بەرنامەڕیزی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانەی خۆین.

مامۆستا برایم لە دادپەروەریشدا هەر خاوەن بیروباوەڕی خۆی بوو، هەر نموونە بوو، جارێکیان کاکە زەیدی ئەحمەد عوسمانی هەولێری بەئیعجابێکی زۆرەوە ئەم ڕووداوەی خوارەوەی گێڕایەوە و وەك نمونەیەك بۆ هەڵوێستی پیاوی خەباتگێڕی دادپەروەر، کە مامۆستا برایم لە هەڵەبجە حاکم دەبێت، شەوێکیان میوانی خوالێخۆشبوو ئەنوەر بەگی جاف دەبێت کە بەگزادەیەکی هوشیار و کوردپەروەر بوو، محامیش بوو. لەگەرمەی مەجلیسەکەدا مەئموورێکی پۆلیس بەژووردەکەویٚ و هەندێ ئەوراقی بۆ مامۆستا برایم هێناوە، ئەویش دوای خوێندنەوەیان یەکێکیان ئیمزادەکات، ئەو شەوەش ئەنوەر بەگی دۆستی هەتاسەری مامۆستا برایم جگە لەچێشتە خۆشەکانی بەگزادەکانی جاف کەباب و برژاوی دەرەوەشی بەسەرکارەکەی خۆیدا بەڕاداندوە.

وەختێ کاتی چێشتخواردن دێت، ماوەیەك چاوەنواڕی کەباب و برژاوی دەرەوە دەبن، کەچی سەرکارەکەی ئەنوەر بەگی خوالێخۆشبوو دەرناکەوێت، کە سۆراغی دەکەن دەزانن کە زیندانیکراوە، تومەز ئەو کاغەزەی مامۆستا برایم ئیمزایکردووە ئەمری زیندانیکردنی ئەو بووە- ئەوسا ئەنوەر بەگ کە دۆستێکی خۆشەویستی مامۆستا برایم بووە پێی‌دەڵێ کاکە بلە ئەوە نەدەکرا گرتنەکەی دواخەی تا

بەیانی؟ مامۆستا بلەش دەڵێ نە بەخوا ئەنوەر بەگ کە ئەوراقەکانم خوێندەوە بۆم دەرکەوت سەرکارەکەت چەند زللەیەکی بەناهەق لەجوتیارێك داوە و ئەویش شکاتیکردووە و پۆلیسیش بۆی دەرکەوتووە کە خیلافی قانون بووە، جا چۆن دەکرا من لەماڵی برای خۆم کە قانونناسە، سەرکارێك بەدژی قانون کاربکا و سەرکارەکەی زیندانی نەکەم. کاکە زەیدی ڕەحمەتی دەیگووت من سیاسی و دادپەروەری ئەوهام دەوێ کە برادەرایەتیش دەکات و قانونیش جێبەجێدەکات.

خۆشم لەکۆیە بیستوومە کاتێ مامۆستا برایم لەهەولێر حاکم دەبێت بەئینتیداب دەینێرنە کۆیە، لەوێش میوانی کاك سەمەد مەنجەڵی نەمر دۆستی دێرینی خۆی دەبێت ئەویش دەیباتە ماڵی کاکە زیادی نەمر، لەو سەردەمە هەندێ هەقە درابوونە مەحکەمە بەتۆمەتی هەڵگەڕانەوە و دژایەتی قانونکردن، مامۆستا برایمیش بۆی دەردەکەوێت ئەوانە جوتیارن و دژی دەرەبەگایەتی بوونە، بۆیە هەموویان ئازاد دەکات هەرچەندە هەندێ مەلا و شیخ و ئاغای کۆیەش پێیان خۆش نابێت. بەمجۆرە مامۆستا برایم دادپەروەری کردووە.

دوایئەوەی لەحاکمیش ڕزگاری بوو، بەوەی سەرپشککرا لەنێوان حاکمیەکەی و خاوەنی گۆڤاری گەلاوێژ، ئەو وازی لەحاکمیەکە هێنا، دوای ئەوەش دەبێتە محامی، وەك محامیەکی ناوداریش هەمیشە پشتیوانی لەجوتیاران و موڵکدارە زۆرلێکراوەکان کردووە، تەنها بۆ شێخ مەحمودی نەمر محامیەتی کردووە لەدەعواکانی زەویوزاردا، ئەگینا بۆ هیچ موڵکدارێکی دەسەڵاتدار نەیکردووە بەڵکو هەرهی جوتیاران و زۆرلێکراوان بووە.

تەنانەت لەئەنجامی سووربوونی لەدیفاعکردن لەموڵکایەتی بێوەژنێکی بێکەسا بەئەمری دەرەبەگێکی دەسترۆیشتووی سلێمانی هەوڵی کوشتنی درا و تەقەی لێکرا و برینداركرا و بەئوعجوبە ڕزگاری بوو. چالاکی سیاسی و فیکری مامۆستا برایم لەچلەکاندا نموونەی بەدیهێنانی بیروباوەڕەکانی خۆی دەنوێنن، لەچالاکی فیکری خۆیدا کە لەوتار و چیرۆکەکانیدا خۆیان دەنوێنن، دەبینین کە مامۆستا بلە:

١- لەچیرۆکەکانی کوێرەوەی و کەرەلۆتی مەنوچەردا دیفاع لەجوتیاران دەکات و دامودەزگاکانی پۆلیسی میری ڕیسوا دەکات.

٢- لەچیرۆکی (خازێ)دا، هاوکاریەکی بێئابڕوویانەی دەرەبەگی کورد لەگەڵ ئەفسەرێکی ئینگلیزدا بۆ فەسادکردنی ژنێکی کلۆلی کورد، ڕیسوا دەکات.

٣- لەچیرۆکی لەوڵاتی قارەمانانـدا هاودەردی و پشتیوانی خۆی لەگەڵ قارەمانانی سۆڤیەت دەردەبڕێت کە بووبوونە قەڵای بەرگری لەدیموکراسی و ئازادی گەلان لەبەرامبەر فاشیزم و نازیەکاندا.

٤- لە(بەرەو ڕووناکی)دا هاندەر و ڕێنوێنی خەباتگێرانی گەلە، بۆ درێژەدان بەخەبات و کۆڵنەدان و خۆڕاگری لەبەرامبەر گیروگرفت و کەندوکۆسپ و ناخۆشیە زۆر و زەوەندەکانی ڕێگەی پیرۆزی خەبات و هیوای سەرکەوتنیان دەداتێ و ڕێگەی خۆڕێکخستن و پێکەوە خەباتکردنیان بۆ دیاریدەکات ئەوانیش بەشێوەیەکی ئەدەبی نایاب و بێوێنە.

٥- لەشینی پێشەوا چەندین بیروڕای پێشکەوتنخوازانە دەردەبڕێ: پەرۆشی کوردستانی بوون، بەنەمری دانانی شەهید، تەنانەت داوای گۆڕهەڵکەندنیش بۆ شەهیدی نەمر پێشەوا دەکات و دەڵێ گۆڕ بۆ لەشی نەوەك بۆ گیانی دوور لەنەمانی، و دەڵێ لەدڵی گەورەی کوردستاندا واتە لەدڵی نەتەوەی کورددا ئەو گۆڕە هەڵکەنن هەروەها بەپێچەوانەی ناهومێدی و سستبوون لەخەباتدا کە لەدوای ڕوخاندنی کۆماری مەهاباد و شەهیدکرانی پێشەوا و هەڤاڵەکانی خەریك بوو تارماییەکەی وڵات داگرێت، مامۆستا برایم داوای پلان و نەخشەدانان بۆ درێژە بەخەباتدان و بۆ تۆڵەسەندن دەکات کە پێشیوایە هەر بەوە گیانی پێشەوا شاد دەکرێت.

٦- لەوەرگێڕانی چیرۆکە باشەکانی بێگانەدا بۆ زمانی کوردی، پەرۆشی مامۆستا بلە دەردەکەوێت بۆ ئاگادارکردنی خوێندەواری کورد لەئەدەبی بێگانە و جۆری بیرکردنەوە و ژیان و خەباتیان. ئەمەش جۆرێك لەبەرنامەڕێژیکردنی بیروڕای مامۆستا برایمە کە هەمیشە پێیوابووە خەباتی خەڵکی کوردستان بەشێکە لەخەباتی گەلانی زۆرلێکراو و ڕەنجدەرانی جیهان و هەمیشە ویستویەتی پرد و پەیوەندی نێوانیان زۆربکات، دیارە پەیوەندی فیکریش، ئاگاداربوون لەچیرۆك و نوسراوی گەلان هاوکاری و هاوبەشیەکە لەم بوارەشدا.

٧- لەدانانی شیعری (دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن)دا بیروباوەڕەکانی خەباتگێڕانەی مامۆستا برایم بەرنامەڕیز و خەملێنراون، پاشان نەختێ لێی ورد دەبینەوە.

## ***مامۆستا و مارکسیزم و دین***

بۆئەوەی لەنیازەکانی مامۆستا برایم بگەین لەیەکە یەکەی بەیتەکانی ئەو هەڵبەستەیدا، پێویستە ئەم ڕاستیە بزانین کە مامۆستا برایم باوەڕی بەسۆشیالیستی عیلمی هەبوو، سەرەتاکانی گشتی مارکسیزمی بەلاوە پەسەندبوو، لێکدانەوەی دیالەکتیکیانەی پێباشبوو، بەڵام هەندێ تێبینی خۆشی هەبوو وەك:

١- ئاواتەخوازبوو، زۆرجار دەیگوت خۆزیا مارکسیزم لەچینەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەکەی ئێمە دەهات نەك لەئەوروپاوە، چونکە چینیش وەك ئێمە لەقۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراتیدا بوو، وەك ئێمە وڵاتێکی نیمچە سەرمایەداری و نیمچە دەرەبەگی دواکەوتووبوو، وەك ئێمە پێویستی بەگونجاندن و موتوربەکردنی سەرەتا گشتیەکانی مارکسیزم هەبوو بەهەلومەرجی تایبەتی و بابەتی موجتەمەعی ئێمە و دۆزینەوەی ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ چارەی گیروگرفتە تایبەتیەکان.

کەچی ئەوروپا وڵاتانی سەرمایەداری ئەوتۆ بوون کە چینەکان تێیدا خەملیوبوون، کرێکاران و سەرمایەداران سەنگەریان لەیەك گرتبوو، ناسیۆنالیزمی ئەوروپا بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵات کۆنەپەرستانە، خودخاهانە، زۆردارانە و شۆڤێنیانە بوو، کەچی ناسیۆنالیزمی ڕۆژهەڵات، هی گەلانی زۆرلێکراو و بێبەش لەمافی چارەی خۆنوسینە، بۆیە هەم شۆڕشگێڕی و هەم دیموکراسی تێدایە و هەم ڕاستوڕەواشە.

٢-خۆزیای دەخواست بۆ تەواوکردنی دیراسەتی شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیەوی و بەوردی شیکردنەوەی موجتەمەعەکانی ئاسیا و ئەفریقیا.

٣-تێبینی هەبوو لەسەر هەڵوێست لەدین، پێیوابوو مارکس و ئەنگلس لەژێر تەئسیری دین لەئەوروپا کە لەچەرخەکانی ناوەڕاستەوە دەورێکی زۆر کۆنەپەرستانە و دڕندانە و دژ بەئینسان و بەعیلم و پێشکەوتنی بینیوە، بۆیە وا توند دژایەتی دینیان کردووە، مامۆستا برایم پێیوابوو کە بەپێچەوانەی ئەوروپا دینی ئیسلام لەجەوهەری ڕاستەقینەیدا دژایەتی زۆرداری و ڕەگەزپەرستی و پاشایەتی و ئیمپراتۆرەکانی کردووە و لەکوردستانی ئێمەشدا دەوری زۆر گرنگی دیوە هەم لەداهێنان و پەرەپێدانی شیعر و ئەدەبی کوردی و هەم لەخەباتی کوردایەتی و شۆڕشەکانی کوردستاندا، لەم دواییەشدا هەر پێیوابوو کە دەبێ کوردایەتی لەگەڵ جولانەوە ئیسلامیە مەعقول و ڕەسەنەکاندا نێوانی خۆشکات بۆ باشتر تێگەیشتن. هەروەك مامۆستا برایم زۆری بەلاوە گرنگ بوو کە قورئان ئیختیاری داوە بەئینسان یان وەك کورد گوتەنی هەرکەسە دەچێتە قەبری خۆی.

٤-پێیوابوو دەبێ هەمیشە مارکسیزم وەك عیلم تەماشای بکرێ، عیلم لەگۆڕان و گەشەکردن و پێشکەوتندایە و نابێ بکرێتە دینێکی تر.

پێیوابوو ئەبێ ڕاستیە گشتیەکان لەگەڵ هەلومەرجە بابەتیەکان و تایبەتیەکانی موجتەمەعی هەر وڵاتە بگونجێندرێن، زۆر موعجەب بوو بەوەی کە دەگوترا مارکسیزم لەچین، چینان دراوە، پێیوابوو لەکوردستانیشدا دەبێ هەروابێت. جا سەیر نەبوو کە هەر بۆیەش مامۆستا برایم لەسلێمانی بەبولشەویك یان کۆمۆنیست ناودەرکات هەرچەندە ئەندامی (حشع)یش نەبووە.

پیرەمێردی شاعیری گەورەی کوردیش لەهەجوێکیدا بۆ کۆمۆنیزم ئۆباڵەکەی دەخاتە ئەستۆی مامۆستا برایم و دەڵێ خوایە ئەوەی کۆمۆنیزمی هێنایە ئەم ناوە، ڕووی وەکو ناوەکەی لێبێت: واتە ڕەش بێت، چونکە مامۆستا برایم خۆی بەناوی-بلەی ئەحە ڕەش-ەوە دەناساند. لەسەر ئەوەش مامۆستا برایم لەپیرەمێردی مەزن دەتۆرێت تا ڕۆژێکیان تووشی یەکتر دێن، پیرەمێرد سڵاوی لێدەکات و مامۆستا برایم وەڵامی ناداتەوە، پیرەمێرد پێی ئەڵێ بلە ئەزانم لێم تۆراویت وەرە ئاشتبینەوە، مامۆستا برایمیش دەڵێ بەشەرتێ لەگەڵتان ئاشتدەبمەوە شیعرێکی باشمان بۆ نەورۆز بۆ بڵێیت، پیرەمێردیش پەسەندی دەکات و ئەوەبوو شیعرە نایابەکەی نەورۆزی دانا و دەیداتە مامۆستا ئەویش لەگەڵی چاکدەبێتەوە، لەمەودوا پیرەمێرد مەدحی مامۆستا برایمیشی کردووە بەتایبەتی کە زیندانیکراوە و بەئایەتە پیرۆزەکەی قورئان "لەسەر ئیبراهیم پێغەمبەر" دیفاعی لێدەکات.

## ***جا با بچینەوە سەر دواتیری کەوان***

پێویستە لەپێشەوە باسی ئەوەبکەین کە ئەم شیعرە کەی؟ و لەکوێ گوتراوە؟ ئەم شیعرە لەدوای حوکمدرانی مامۆستا برایم لەلایەن مەحکەمەی عورفیەوە لەساڵی (١٩٤٩)دا کە بەساڵێکی تاریك و پڕ لەزۆرداری و تیرۆر و تۆقاندن چووەتە مێژووی عێراقەوە، لەو ساڵەدا سێ سەرکردەی ناوداری (حشع)

لەسێدارەدران شەهیدان فهد و حازم و صارم و سەدان ئازادیخواز بەزۆری زۆردار خرانە زیندانە ڕەشەکانەوە، کۆنەپەرستەکانی پاشایەتی ژەهراوی ڕەشی تۆڵە دەڕشانەوە بەسەر ئازادیخوازاندا، لەتۆڵەی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨).

جا لەوکاتەدا کە دەست بەکەلەبچە لەگەڵ شاعیری نەمر ساڵح دیلان دەگوێزرێنەوە بۆ زیندانی ئەبوغرێب ئەم شیعرەی وتووە و ساڵەی نەمریش لەبەریکردووە، کە جگە لەگیانی خۆڕاگری و ئازایی و نەترسان لەدوژمن و جگە لەباوەڕی نەگۆڕ بەحەتمیەتی سەرکەوتنی گەل بەسەر دوژمندا ئەم شیعرە ئاوێنەی بیروباوەڕی سەردەمەکەشە، سەردەمی دابەشبوونی دنیا بەدوو ئۆردو—ئۆردوی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و ئۆردوی ڕزگاری و سۆشیالیزم بەسەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵێ ئەوەبوو بیروباوەڕی ئەوێ ڕۆژێی سۆشیالیستەکان و ڕزگاریخوازان و پێشکەوتنخوازان کە مامۆستا برایم زۆر بەچاکی باوەڕی پێیهەبوو. هەروەك دەشبینین لەم شیعرەیدا پاشان لەنوسینەکانی دوای زیندانیدا بەچاکی دەردەکەون و ڕەنگدەدەنەوە:

***یەکەم:***

دواتیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن
دوا سەرکەوتنی تۆیە دوا نوچی گەلە دوژمن
شەوی ترساندنت سامی نەماوە تاریکوڕوونە
بەئاسۆی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن

با لەم چوار بەیتە وردبینەوە بزانین مامۆستا برایم چۆن بیروباوەڕی خۆی بەرنامەڕێژە کردووە و دوژمن و دامودەزگا و هێز و تۆقاندنی چۆن هەڵدەسەنگێنێ. بەڕەچاوکردنی لێکدانەوەی سۆسیالیستی ئەو سەردەمە کە مامۆستا برایمیش باوەڕی پێیهەبوو، کە سەرمایەداری جیهانی لەسەرەمەرگدایە و گەیشتۆتە دوا پلەی گەشەکردنی خۆی کە ئیمپریالیزمە، و دەبینین کە مامۆستا برایم دوژمن بەدۆڕاو دەزانێ و بێباکانە لەزەبروزەنگی دوژمن، پێیوایە ئەو زۆرداریەی لەهەموو شوێنێکی دنیا بەعێراقیشەوە دەینوێنێت ئەوا پەلەقاژەی مەرگە و پێیوایە ئەو نوچدانەی گەلیش دوانوچدانە، شەوی تۆقاندنی دوژمن وا بەرەو بەرەبەیانی ڕزگاری دەکشێت و ئاسۆی ئەرخەوانیش نیشانیدەدا کە ڕۆژی ڕزگاری لەودیو کەلەوەیە.

***دووەم:***

چ گەوجی هەژبەسەر کەی خۆر بەهێڵەک پێشی گیراوە
وە یاخو چەرخی مێژوو کەی بەبەردی ئێوە وەستاوە
هەموو پێشکەوتنێکی تۆ بەرەو چاڵی نەمان ئەتبا
هەموو سەرکەوتنێکیشت بەوێنەی بلقی سەرئاوە

لێرەشـدا مامۆسـتا بـرایم گوتەکـەی (ماوتـسی تـۆنگ) تۆماردەکـات کـە دەڵـێ کۆنەپەرسـت و زۆردار گـەوجن، وا ئـەویش گاڵتـە بەعـەقڵیان دەکـات و دەڵـێ هێڵـەکی ئێـوە بـەری ڕۆژی ڕاسـتی و ڕەوایـی پێناگیرێـت، قانونـەکانی گەشـەکردنی کۆمەڵایـەتی خولانـەوە و بۆ پێشەوەچونی چەرخی مێژوو دەکەنـە حـەتمی، بۆیـە بەبـەرد و کەندوکۆسـپ واتـە زوڵـم‌وزۆر و تـیرۆر و تۆقانـدن و فرت‌وفێڵـی ئیمپریـالیزم و سەرمایەداران و داگیرکەران ڕاناگیرێت و ناوەستێندرێ.

هەروەك قانونە سۆسیالیستیە عیلمیەکەش بەشیعر دادەڕێژێتـەوە کـە دەیگوت هـەموو پێشکەوتنێکی سـەرمایەداری بـەرەو پلـەی هەرەبـەرزی خـۆی دەیبـات کـە پلـەی سـەرەمەرگیەتی، واتـە لـەڕوخان نـزیکتری دەکاتەوە، هەربۆیەش هەموو سەرکەوتنێکیشی وەك بڵقی سەرئاو دەبێت.

***سێیەم:***

ئـەوا هیتلـەر خوداوەنـدی شـەڕی سـەرڕووی زەمـین بـوو خـۆ
قـــەڵای ســـەرمایەداری پـــڕ تفـــاقی ئاســـنین بـــوو خـــۆ
هـــەموو ئـــەڵمانیای نـــازی لەدەســـتا وەک نگـــین بـــوو خـــۆ
لـــەڕێی ئازادیخوازانـــا وەک شـــورای چـــین بـــوو خـــۆ
کـوا فیرمـاختی ئـەڵمانی کـە ئـەتگووت هـەر زەروی خوێنـە
کـــوا لوفتوافـــە، ئـــەو هێـــزە نـــەپارێزە مەرگـــچێنە
کـــوا تـــۆپی؟ کـــوا تـــانکی؟ کـــوا ئوســـتولی بێوێنـــە
بـەجاری گـۆڕی گومبـوو گـشتی وەک خـۆی بێـسەروشوێنە

وا لێـرەدا مامۆسـتا بـرایم نموونـە دێنێتـەوە بەهیتلـەر کـە خوداوەنـدی شـەڕی دنیـا بـوو، لێرەشـدا وەسفێکی عیلمی ڕەژیمی نازی دەکات: کە قەڵای سەرمایەداری ئاسنینە، کە سـەرمایەداری هاروهـاجی دڕ و بێپەروایـە، کـە چـیتر بەشـێوەی دیموکراسـی حـوکمی پێنـەکراوە، بۆیـە و لەترسـی سـەرکەوتنی سۆشیالیزمیش دەبوایە ملبنێتە دیکتاتۆریەت و داپڵۆسین و کوشت‌وکوشتار، ڕێگـەی شـەڕو کـاولکردن و تەفروتوناکردن بگرێتەبەر.

جا ئـەو هیتلـەرەی فەرمانـدەی ئـەو قـەڵا ئاسـنینە سـەرمایەداریە بـوو کـە هـەموو ئـەڵمانیای نـازی بەسەنعەت و توانای زۆر و زەوەندەکانیەوە لەبەردەستبوو، کە ڕەژیمەکەی کردبووە شورای چین لـەپێش ئازادیخوازانی دنیادا، کەچی چی بەسەرهات و چۆن تیاچوو و شوێنەواریشی نەمایەوە!، کوا فیرماختی ئەڵمانی واتە لەشکری نازی ئەڵمانی، کوا لوفتوافە واتە هێزی ئاسمانی ئەڵمانیای نازی کە یـەکێکیان وەك زەروو خوێنی گەلانی هەڵدەلووشی و ئەویتریشیان مەرگی لـەدنیادا دەچاند، کوا تۆپـە زل و قورسـەکانی؟ کـوا تانکـە مـرۆڤ شـێلەکانی؟ کـوا ئوسـتولەکەی کـە بەبێوێنـە لـەدنیادا ناویـدەبرا؟! هـەمووی وەك خـۆی بێسەروشوێنە. لێرەدا دیسان مامۆستا برایم دوژمنایەتی خـۆی لەگـەڵ فاشـیزم و نازیـەت دوپاتدەکاتـەوە کە هەرزوو، لەسیەکانەوە باشیان تێگەیشتبوو، بۆیە کەوتبووە دژایەتیکردنیان بەوتار وەرگێڕان و نوسین و چیرۆك.

**چوارەم:**

لــــەلای ئێمـــە هەڵــــەنگوتن یەکــــەم هــــەنگاوی زاڵبوونــــە
لــــەناو بۆتــــەی خـــەباتا توانـــەوە هــــەر شــــەرتی قاڵبوونــــە
لەنوچـــــدان و هەڵـــــەنگوتن نیـــــە بــــاکی گـــــەلی کـــــوردان
وەکـــو ڕێگـــەی خـــەباتی خـــۆی شـــکانی تـــۆی لـــەلا ڕوونـــە

لێرەشدا مامۆستا برایم دەرسی بەکەڵك و شۆڕشگێڕانە بۆ خەباتگێڕانی کوردستان دادەدات. جارێ هەڵەنگوتن لەڕێبازی خەباتدا بەیەکەم هەنگاوی سەرکەوتن دادەنێت، چونکە دەبێتە هۆی فێربوونی ڕێگەی ڕاست و شێوەی دروستی خەباتەکە، هەروەك لەناو بۆتەی خەباتیشدا خەباتگێڕ دەبێ قاڵببێتەوە و ببێتە خەباتگێڕی تەواو.

بۆیە خەباتگێڕانی کورد لەنوچدان و هەڵەنگوتن ناهومێد و وەڕس نابن چونکە دڵنیان کە ڕێگەی خەباتیان گرتووەتەبەر و هەرچۆن دڵنیان لەشکانی دوژمن لەدواڕۆژدا، ئەوهاش دڵنیان لەڕاستوڕەوایی خەباتەکەیان. لێرەشدا دەرسە مێژووینەکەی مێژوو دوپاتدەبێتەوە لەخەباتی گەلاندا، دەرسی خەبات + هەڵەنگوتن + هەڵسانەوە + نوچدان + هەڵسانەوە، بەوجۆرە هەتا سەرکەوتنی کۆتایی کە حەتمیە.

پێنجەم:

لەگـــــەڵ کـــــاروانی ڕزگـــــاری گـــــەلان دەڕوا بەچـــــالاکی
لـــەدووری ڕێ و لەســـەختی جـــێ و دڕیـــی دوژمـــن نیـــە بـــاکی
نـــە لادان و نـــە وەســـتان و نـــە کۆڵـــدانی هەیـــە هـــەرگیز
پـــشووناداا هـــەتا نـــەبڕێ ڕەگـــی چەوســـانەوە و مـــاکی

لێرەدا وەك عەرەب دەڵێ: (ختامها مسك-نیهایەتەکەی بەگوڵاو دێتەوە)، مامۆستا خەباتی گەلی کورد لەناو کاروانی ڕزگاریی گەلاندا دەبینێت، واتە یەکێتی تێکۆشان و هاوخەباتی گەلان لەناو کاروانی ڕزگاری گەلانی دوور و نزیکدا دەستنیشان دەکات، واتە دژی تاکڕەوی نەتەوایەتی و خۆقەتیس هێشتنەوەیە لەناو قەوارەیەکی تەسکدا، ئەمەش تەرجومەی کوردی (ئەی گەلانی زۆرلێکراو یەکگرن)ە، ئنجا گەلی کوردان باکی ئەوەشی نیە کە ڕێگەی ڕزگاری دوور و دژوارە و دوژمنیش زۆر دڕندە و ناهەموارە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نە لەڕێگەی ڕزگاری لادەدەن، نە دەوەستن و نە کۆڵدەدەن بەڵکو هەمیشە درێژە بەخەباتەکەیان دەدەن، هەتاکو ڕەگ و ماکی چەوساندنەوە هەڵدەکەنن، واتە نەك هەر ڕزگاری نیشتمانی و نەك هەر دابینکردنی دیموکراسی و ڕیفۆرمی دیموکراتی، بەڵکو لەڕەگوڕیشە هەڵکەندنی چەوساندنەوەش و لەناوبردنی ماکەکەشی کە ڕەژیمی سەرمایەدارییە، واتە مامۆستا برایم خەباتی گەلی کوردان وا دەزانێت و دەناسێت کە خەباتێکە لەپێناوی ڕزگاری نیشتمانی و ڕزگاری

کومەڵایــەتی، ڕزگــاربوون لەداگیرکــەران و چەوســێنەرەوەکان، ڕزگــاربوونی مرۆڤایــەتی لــەڕەژیمی سەرمایەداری کە ماکی چەوساندنەوەیە.

بــەمجۆرە دەبیــنین چــۆن مامۆســتا بــرایم زۆر وەســتایانە و زۆر ژیرانــە بیروباوەڕەکــانی خــۆی پوختدەکاتەوە، بەرنامەڕێژی دەکات لەم شیعرە نایابەیدا، بۆیە من پێموایە ئەوە نەك هەر دوا شیعر، دوا بەرهەمی نوسراوی مامۆستا برایمە لەچلەکاندا بەڵکو هەرەبەرز و نایابەکەشیەتی.

## چالاکی لایەنی سیاسی و حیزبی

خۆ ئەگەر بچینەوە سەر لایەنە سیاسیەکەی چالاکیەکانی مامۆستا برایم دەبینین لەسەرەتاوە، ڕووینەکردووەتە حیزبی هیوا بەڵکو بۆتە ئەندام لەکۆمەڵەی (ژ. ك)دا، بۆچی؟ چونکە مامۆستا هیوای بەحیزبێکی نەتەوەپەرستی تەنگبین و نادیموکرات و دوور لەبیروباوەڕی پێشکەوتنخواز نەبووە، سەرکردایەتی حیزبەکەشی بەسازشکار و بێتواناو بێبەرنامەی شۆڕشگێڕانە و دیموکرات زانیوە.

لەکاتێکدا خۆی کوردستانی بووە، بۆیە لەگەڵ (ژ. ك)دا یەکدەگرێتەوە. (ژ. ك) پێشکەوتنخواز و ڕێکخراوێکی جەماهیری و خەڵکی بووە و لەژێر سێبەری لەشکری سووری سۆڤیەتیدا کاریکردووە، بۆیە لێرەشدا لەگەڵ بیروباوەڕی مامۆستا یەکیانگرتووەتەوە. گومانی پەیوەندی (هیوا) بەئینگلیزەوە دووریخستووەتەوە لەهیوا، کەچی گومانی پەیوەندی (ژ. ك) بەسۆڤیەتەوە نزیکی کردۆتەوە لە(ژ. ك)، ئەوە هەرچەندە لەدواڕۆژەکانی هیوادا کاتی هەڵوەشانەوەی، مامۆستا برایم هەوڵێکیداوە بەهاوکاری لەگەڵ ئەفسەرە لاو و ئازادیخوازەکانی کورد بۆئەوەی هێزەکەیان پەرتوبلاو نەبێت و ناهومێدی دڵودەروونیان دانەگرێت، بەلأم کە بۆتە (ژ. ك) دەستیکردووە بەدانانی لقی کوردستانی خوارووی (ژ. ك) لەگەڵ نەمران شاعیری کوردپەروەر فایق بێکەس و کوردپەروەری دێرین و گومناو ئیسماعیل حەقی شاوەیس و چەندین هەڤاڵی تر.

## مامۆستا برایم و (ژ. ك) و (حدك)

دوایئەوەی مامۆستا برایم و هەڤاڵەکانی لقی (ژ. ك)یان پێکهێنا کەوتنە خۆڕێکخستن و ئەندام کۆکردنەوە و لەماوەیەکی کەمدا توانیان ڕێکخستن لەسلێمانی و کەرکوك و هەندێ قەزا و ناحیەکانیان دروستبکەن. ئەوەندەی من زانیبێتم لەهەولێر و بادینان ڕێکخستنیان نەبووە، هەرچەندە کاك ساڵح ڕوشدی ئەندامی (ژ. ك) بووە، کە لاوێکی چالاکی بادینی بوو. کە (ژ. ك)یش بووە بەحیزبی دیموکراتی کوردستان – ئەوسا ئێرانی پێوەنەبوو– لقی (ژ. ك)یش بۆتە لقی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەباشووری کوردستان. مامۆستا برایم پەیوەندیەکی زۆر گەرم و دۆستانەی لەگەڵ پێشەوا (قازی محەمەد)دا هەبووە. هەمیشە نامەیان پێکەوە ئاڵوگۆڕ کردووە. مامۆستا برایم نامەکانی بەبلە ئیمزا کردووە و پێشەواش بەنازناوی بیلە – واتە بیلبیلەی چاو – مامۆستا برایمی بانگکردووە و ناوهێناوە. لقی (حدك) هەتا دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد و ئیعدامی پێشەواش هەرمابوو.

لەبۆ کۆنگرەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردی عێراقیش مامۆستا برایم بانگکرابوو، بەشداریشی تێداکرد بەڵام نەیسەلماند بچێتە پارتیەوە، بێڕەزامەندی پێشەوا و کۆمیتەی ناوەندی (حدك) بۆیە کۆنگرەی بەجێهێشت. هەرچەندە مامۆستا برایم خۆی یەکەمین بەیاننامەی (الحزب الديموقراطي الكردي العراقي) کە کاك هەمزە عەبدوڵڵای خوالێخۆشبوو نوسیبووی کردۆتە کوردی، مامۆستا برایم وشەی پارتی (بێگانەی) لەجیاتی حیزبی (عەرەبی) بۆ پێشنیازکردوون کە پاشان بووە نازناوی پارتی بەڵام تا (حدك) مابوو بەلایەوە باش نەبووە بچێتە پارتیەوە.

هەم سەبارەت بەباوەڕی خۆی بەکوردستانیبوون و هەم لەبەر خۆشەویستی پێشەوا، مامۆستا برایم لە(ژ. ك)دا و پاشان لە(حدك)دا چالاك و هەڵسوڕێنەری لقەکەیان بووە و بەدڵ و بەگیان پشتیوانی لەبیروباوەڕەکانیان کردووە، بەڵام دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد و ئیعدامی پێشەوا و بڵاوەلێکردنی سەرکردایەتی (حدك) و پاشئەوەی زۆربەی ئەندامەکانی لقەکەیان هاتنەسەر ئەو ڕایەی کە لەو هەلومەرجەدا درێژەیان پێ بەوجۆرە خەباتە نادرێ، بەڵێ هەر ئەوسا مامۆستا برایمیش هاتۆتەسەر بیروڕای هەڵوەشاندنەوەی لقی (حدك).

ئەوەبوو لەو کۆبونەوەیەی کردیان بۆ بڕیاری چارەنووسی لقەکە بەگشتی دەنگ جگە لەیەك دەنگ کە ئەویش هی خوالێخۆشبوو شێخ عەتای تاڵەبانی بوو بڕیاری چوونەناو پارتیان داوە، مامۆستا برایم لەچوونەناو پارتیدا هیچ شەرتوشروتی پایە و پۆستی نەبووە، بۆیە بەئەندامیەتی سادە چوونەتەناو پارتیەوە و پاشان بەسەرۆکی لقی سلێمانی هەڵیانبژاردووە، کە ساڵی (١٩٤٩)ش گیرا و حوکمدرا هەر ئەندامی سەرکردایەتی پارتی نەبوو.

## ***مامۆستا برایم و دەوری لە پارتیدا***

لەزیندانیدا مامۆستا برایم لەگەڵ خوالێخۆشبووان مامۆستا جەلیل هۆشیار و شەهید عەبدولڕەحیم شەریف پێکەوە دەژیان، زۆرتر خەریکی خوێندنەوە بووە، بەتایبەتی ئەو کتێبە مارکسیانەی بەئینگلیزی، بەدزیەوە بۆیان چووەتە ژووری زیندان، لەو کتێبانەی مامۆستا برایم پێیان موعجەب بوو (چەپڕەوی کۆمۆنیزم سەرلێشێوانێکی منالانەیە)ی لینین و (دیموکراسی نوێ)ی ماوتسی تۆنگ و (دەوری فەرد لەمێژوودا)ی پلیخانۆف بوو، لەگەڵ (دەربارەی لینینیزمەکەی ستالین)، زۆریش کتێبەکەی (ئەدگار سنو)ی (ئەستێرەیەکی سوور بەئاسمانی چینەوە)ی بەلاوە خۆش و پەسندبوو.

کە لەزیندانیش هاتەدەر و بوو بەلێپرسراوی یەکەمی پارتی، هەوڵیدا بیروڕاکانی لینین لەسەر نقابات و هەڵبژاردن و خەباتی جیاجیا و بیروڕاکانی ماو لەسەر (دیموکراسی نوێ) بەرنامەڕێژی بکات لەناو پارتیدا. ئەوەبوو هەر لەکۆنگرەی دووەمینەوە ناوی پارتی گۆڕی و کردیە (پارتی دیموکراتی کوردستان—عێراق) وەك شەرتێکی دەستپێکی سەرکردایەتیەکەی خۆی. پاشان دیموکراسی گەلیشی کردە ئامانجی سەرەکی پارتی و لەپرۆگرامی دووەمیدا چەسپاندی، دەربارەی هەڵبژاردنیش لەیەکەم هەڵبژاردنی سەردەمی سەرکردایەتی خۆیدا، موقاتەعەی هەڵبژاردنی بەهەڵەزانی و ڕەتیکردەوە، باشم لەبیرە کە هەڤاڵانی کۆیە منیان ناردبوو بۆلای سەرکردایەتی هەڵبژێردراو لەکۆنگرەی دوو، تا بزانین هەڵوێستمان

چی بێ لەهەڵبژاردن، کە چوومە دێی (پەڵکانە) بۆلای مامۆستا حەمەدەمین مارف ئەندامی سەرکردایەتی، ئەو دژی بەشداری بوو لەهەڵبژاردنەکەدا کەچی مامۆستا برایم کە چوومە لای لەسلێمانی بۆی شەرحکردم کە لینین دەڵێ ئەبێ وەك سەرەتا بەشداریبکەین لەهەڵبژاردندا، بەنیازی پڕوپاگەندەکردن بۆ بیر و هەڵویستەکانی خۆمان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و هاندانیان بۆ خەبات.. ، تەنها کاتێك موقاتەعە ڕاستورەوایە کە ببێتە هۆی ڕاپەڕینی خەڵك و جۆرێکی بەرزتر لەخەباتی جەماهیریدا، هەر بۆیەش بڕیاریدا بەشداریبکەین و چونکە لەکۆیە دەمانتوانی نوێنەر دەرچوێنین، مامۆستا مەسعود محەمەدی هەڵبژارد بەپاڵێوراوی ئێمە و سەد دیناری تەئمیناتەکەی بەقەرز بۆ دابینکرد.

کە گەڕامەوە کۆیە هەڤاڵان بەلایانەوە سەیربوو، هەتا بیروڕاکانی مامۆستا برایم ئەحمەدم بۆ گێڕانەوە و گوتەکانی لینین کەوا خوالێخۆشبوو کاك کەریم تۆفیق کە ئینگلیزی دەزانی شەوێك لەدانیشتنێکدا هەندێ ڕستەی بۆ کردینە کوردی. ئەوەی ڕاستی بێت بۆئەوەی باش لەدەوری مامۆستا برایم بگەین لەپارتیدا پێویستە بڵێم کە مامۆستا برایم هەر لەسەرەتاوە هەندێ تێبینی زۆر جیدی هەبوو لەسەر ناوی پارتی + پێکهاتەی پارتی + سەرکردایەتی پارتی + پرۆگرامی پارتی و دروشمەکانی پارتی، پێم زۆر پێویستە لێرەدا بەڕاشکاوی بیانگێڕمەوە:

١-جارێ لەسەر ناوەکە پێیوابوو دەبێ (پارتی دیموکراتی کوردستان بێت) نەك کورد، کوردستان-عێراقیش بێت نەك کوردی عێراق. ئەوەبوو هەوڵیدا و بەکۆنگرەی دووەمی سەلماند کە ناوەکەی وای لێبکرێت.

٢-پێکهاتەی سەرکردایەتی پارتی، پێی ناڕاست و ناواقیعبینانە بوو، پێکهاتەی پارتیشی بەلاوە زۆر شۆڕشگێڕانە نەبوو، ئەو پێیوابوو کە پارتی دەبێ پارتێکی جەماهیری شۆڕشگێڕی دیموکرات بێت کە کاکڵەکەی لەمارکسیە کوردەکان و پێشکەوتنخوازەکانی چەپ پێکبێت، دەبێ پارتی هی ڕەنجدەرانی کوردستان بێت. خوتبەکەی ستالینی خوێندبووەوە لەکولیەی ڕەنجدەرانی ڕۆژهەڵاتدا کە باسی سێ جۆر حیزب دەکات بۆ وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا:

**أ-لەو وڵاتانەی چینی کرێکاری تێدا زۆر خەملیوە وەك هیندستان، پێویستە مارکسیەکان لەحیزبی شیوعی خۆیاندا خۆڕێکبخەن.**

**ب-لەو وڵاتانەی چینی کرێکار زۆر نیە و باش نەخەملیوە بەلام هەیە و خەباتی خۆشی هەیە، وەك چینی ئەوێ ڕۆژی خوتبەکەی کە پێموایە ساڵی (١٩٢٤)ە، ئەوا مارکسیەکان لەڕێکخراوێکی خۆیاندا دەبن کە دوولکانەیە لەگەڵ حیزبی نیشتمانی شۆڕشگێڕ وەك پێکەوەلکانەی کۆمینتانگ و کۆبخونتانگ (حیزبی شیوعی) بەسەرۆکایەتی (سن یان سن) کە وەك دووباڵ بەسەرکردایەتی هاوبەش خەباتیاندەکرد.**

**ج-لەو وڵاتانەی پرۆلیتاری تێدا بەژمارە کەم و بەچۆنایەتیش نەخەملیوە، وەك ئەوی ڕۆژێی (مەراکیش)، ئەوا دەبێ مارکسیەکان بچنەناو حیزبە دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانەوە و هەوڵدەن دەوری گرنگی تێدا ببینن و نەهێڵن بکەوێتە دەست سەرمایەدارە نیشتمانپەروەرەکانەوە، بەڵکو خۆیان لە پێکهێنان و ڕێبەریکردنیدا بەشداریەکی کاریگەریان هەبێت.**

جا مامۆستا برایم (و هەموومان) پێمانوابوو کوردستان لەبەشی سێیەمینی ئەو وڵاتانەیە بۆیە دەبێ لـــەپارتێکی دیمـــوکراتی شۆڕشـــگێڕدا خەباتبکـــەین کـــە جڵەوەکـــەی بەدەســـت مارکـــسیەکان و پێشکەوتنخوازەکان و چەپەکانەوە بێت نەك موڵکدار و سەرمایەداری نیشتمانپەروەر نەخوازەڵا سەرۆك عەشیرەت و موڵکدارە گەورەکان، هەربۆیەش مامۆستا برایم ڕای لەپێکهاتەی پارتی و سەرکردایەتیەکەی نەبوو.

جـاریێ سـەرکردایەتیەکەی لەسـەرۆك تیرەیـەکی شۆڕشـگێڕ (ژەنـەراڵ بـارزانی) و دوو موڵکـداری نیشتمانپەروەری گەورە پێکهاتبوون (شێخ لەتیف شێخ مەحمود و کاکە زیاد ئاغای حەماغای کۆیە)، مامۆستا برایم کاکە زیاد ئاغای خۆشدەویست و پێیوابوو کە شەخسیەتێکی نیشتمانپەروەری ڕێزدارە، بەڵام وەك کاکە زیادی نەمر خۆشی دەیگوت هی حیزبایەتی و شانە و شانەبەندی و ئەو جۆرە چالاکیانە نەبوو، ڕای لەسەر شێخ لەتیف ئەوەبوو کە بەکەڵکی حیزبایەتی نایەت و باشبوو لەپارتی جیابووەوە، لەسەر ژەنەراڵ بارزانیش ڕای وابوو کە دەبێ پرسی پێبکرێتەوە، بەتایبەتی دوای چوونە ڕوسیای بزانین پێی باشە؟ ڕازیە لەو پێکهاتە نوێیەی پارتی؟ بەتەمای گەڕانەوە و حیزبایەتیکردنە لەگەڵمان؟ ئەوەبوو لەکاتی پێکهێنانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستاندا ئەو ڕەئیە بەگشتی دەنگی لایەنەکان پەسندکرا و مام جەلال ڕاسپێردرا کە لەسەفەرەکەی ساڵی (١٩٥٧)دا هەوڵی هێنانەوەی وەڵامەکانی ئەو پرسیارانە بدات، بەڵام دوای هاتنەوەی بەگشتی و دوای تێکچوونی نێوانی ژەنەراڵ بارزانی و کەریم قاسمی خوالێخۆشبوو، مامۆستا برایم سووربوو لەسەر مانەوەی بارزانی بەسەرۆکی پارتی، دوو نمونە لەسەرئەوە دەنوسمەوە:

١-لەکۆنگرەی پێنجی پارتیدا بارزانی ئامادەنەبوو، کۆنگرە بڕیاریدا وەفدێك بنێرێت بەدوایدا، تکاش لەشێخ ئەحمەدی خوالێخۆشبوو بکات کە بۆمان بنێرێتە کۆنگرەکە، ئەوەبوو بەو شێوەیە بارزانی بەشداری کۆبونەوەکەی کۆنگرەی کرد، لەقسەکانیدا هەرچی دەشیێوناشیێ بەپارتی و حیزبایەتی کرد و دادوفیغانی دەربڕی لەدەست ئەوانەی بەزۆر دەیانەوێ بەسەرۆکی پارتی هەڵیبژێرنەوە، لەوکاتەدا وەفدی کەرکوك و هەندێ چەپەکان و خوێندەوارەکان بەناڕەزایی چوونەدەرێ لەکۆنگرەکە. لەوکاتەشدا مامۆستا عەونی یوسفی خوالێخۆشبوو کە وەزیر بوو لەوەزارەتی دیفاعەوە تەلەفونی بۆ مامۆستا برایم ئەحمەد کرد و داوای لێکرد کە چیتر لەبارزانی قبووڵ مەکەن و با وەك خۆی دەیەوێ نەکرێتەوە بەسەرۆك، مامۆستا برایم ئەوەی بەفیتی ژەنەراڵ قاسم دایەقەڵەم.

ئا لەوکاتەدا کە زۆربەی ئەندامانی کۆنگرەکە دڵگران و زویربوون لەقسەکانی خوالێخۆشبوو ژەنەراڵ بارزانی، و کە ژەنەراڵ قاسم ئامادەبوو یارمەتی پارتی بدات لەدژی بارزانی هەروەك چۆن یارمەتی (الحزب الوطني التقدمي) دابوو دژی خوالێخۆشبوو مامۆستا کامل چادرچی، ئا لەوکاتەدا مامۆستا برایم کۆنگرەکەی کۆکردەوە و هێنانیەوە سەر هەڵبژاردنەوەی بارزانی بەسەرۆك، خۆشی چوو بۆلای بارزانی و پێی ڕاگەیاند کە ئامادەیە خۆی نەپاڵێوێتەوە گەر بارزانی لێینیگەران و وەڕسە و باسی هەوڵی میری بۆ کرد بۆ لێکترازاندنی ڕیزەکان و بارزانیشی ڕازیکردەوە و هێنایەوە بارەگای پارتی.

٢–لەدوای ڕێککەوتننامەکەی بارزانی لەگەڵ موشیر عەبدولسەلامدا ناکۆکی ناو سەرکردایەتی پارتی بەگشتی و نێوان سەرۆك و (م. س) بەتایبەتی ئاشکرابوو، هەم بارزانی بەیانی بۆ پێشمەرگە دەرکرد و هەم (م. س)یش نامیلکەی (ڕێککەوتننامەی "بارزانی–موشیر"ی ئاشتی یان بەخۆبەدەستەوەدان)ی بڵاوکردەوە، لەوکاتەدا چەندین کەس کەوتنە بەینەوە و مامۆستا برایم چوو بۆلای بارزانی لەناوچەی ڕانیە، منیش لەوێ بووم. دوای چەندین گفتوگۆ گەیشتینە سیغەی بەیانێك بۆ کۆکردنەوەی کۆنگرێسی شەشەمی پارتی بۆ چارەکردنی کێشە و گیروگرفت و ناکۆکیەکان.

بەڕەزامەندی هەموولایەکیش کۆمیتەی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەش پێکهات لەبەڕێزان حەبیب کەریم + عومەر بامەڕنی + عەباس حوسەین + یداللە + چەند هەڤاڵێکی تر، ئەو هەڤاڵانەش لەڕانیەوە لەلایەن ژەنەراڵ بارزانی و مامۆستا برایمەوە نێردران بۆ ماوەت بۆ بارەگای (م. س) تاکو بەیانەکەیان بۆ چاپبکرێ و بڵاوبکرێتەوە، کەچی لەوێ لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك نوری شاوەیس تێکگیران و کاکە نوری لێیان توڕەبوو و نامەکەی دڕاند و ئەوانیشی دەستبەسەرکرد، بەمەش هەوڵەکەی بەستنی کۆنگرەی یەکگرتوو سەرینەگرت.

لەڕانیە مامۆستا برایم کە نامەکەی لەگەڵ بارزانیدا ئیمزاکرد ئەوەشی بەبارزانی گوت لەحزوری مندا، کە ئامادەیە خۆی بکێشێتەوە لەسەرکردایەتی، هیچ نەبێ بۆ ماوەیەك لەپێناوی یەکێتی پارتی و شۆڕشدا، چونکە بەدڵ باوەڕی بەوە هەبوو کە هەم سەرۆکایەتی بارزانی بۆ شۆڕشەکە پێویستە و هەم بوونی پارتی پێشڕەو بۆ سەرخستنی شۆڕشەکە پێویستە. لەو پێناوەدابوو چووبوە لای بارزانی و ئامادەیی خۆی نیشاندابوو بۆ دوورکەوتنەوە لەسکرتاریەت و سەرکردایەتی پارتی – کە ئەوەش لەخۆنەویستی و سادەیی و تەوازوعی مامۆستا برایم دەوەشایەوە.

هەرچەندە بەلای منەوە، نامیلکەی "اتفاقیه المشیر–البارزانی أصلح أم إستسلام" نەدەبوایە دەرچێت و وەزعەکەی زۆر ئاڵۆزترکرد، بەڵام مامۆستا برایم بەچوونەکەی بۆلای بارزانی و ئیعلانی ئامادەیی خۆی بۆ خۆکێشاندنەوە لەسەرکردایەتی پارتی تاڕادەیەك وەزعەکەی ئارامکردبووەوە. خۆزیا ڕێکەوتننامەکە هاتبادی و کۆنگرەی شەشەمی پارتی ببەسترابا و ئەوەی نێوان خوالێخۆشبوو کاك نوری و کاك حەبیب و ئەوان ڕووینەدابا، دیارە هەرچەندە نابێ وا تێبگەین کە ئەو ڕووداوە بەتەنیا هۆی لێکدابڕان و دووبەرەکیەکە بوو، بەڵام دەکرا گیروگرفتەکان بەشێوەیەکی تر چارەبکرابان گەر بەیانەکە بڵاونەکرابایەوە و کۆنگرەی یەکگرتوو ببەسترابا.

لەسەر پێکهاتەی پارتی و پرۆگرام و دروشمەکانیش هەرکە کرا بەسکرتێری پارتی دوای کۆنگرەی دووەم، پێکهاتەکەی کردە پێکهاتەیەکی جەماهیری شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخواز، دیموکراسی گەلی و دانانی جەمهوریەتی فیدراڵی گەلی عێراقی کردە دروشمی سەرەکی پاشان خستیە پرۆگرامەوە. ئەوەش یەکەمین پرۆگرامی حیزبێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی بوو کە ئەو ئامانجە گرنگەی تۆمارکردبوو، پاشان (حشع)یش لەسەردەمی سەرکردایەتی باسمدا (مامۆستا بەهائەدین نوری) هەمان ئامانجی سەرەکی خستە بەرنامەی (حشع)ەوە. دەربارەی دەوری مامۆستا برایمیش لەژیانی حیزبایەتیدا من خۆم

لەکۆنگرەی دووەمدا بەشداربووم و بەچاوی خۆم دیم چەند ژیرانە و چەند بەپەرۆشەوە هەوڵیدا و بوو بەهەوێنی یەکێتی ناو پارتی.

## ***مامۆستا برایم لەکۆنگرەی دوودا***

تازە مامۆستا برایم لەزیندان بەربووبوو، هێشتا هەر لەبەغدا بوو، کە کۆنگرەی دووی پارتی لەشوباتی (١٩٥١)دا بەسترا، کۆبوونەوەکان لەماڵی شەهید عەلی حەمدی دەبوون، ئەوی ڕۆژێ پارتی بەسەر سێ باڵدا دابەشبووبوو:

١-باڵی (حەمزەیی)یەکان کە بەشە زۆرەکە بوو و وتەبێژیان مام جەلال بوو، و هەڤاڵان نوری شاوەیس، حلمی عەلی شەریف، حەمەدەمین مارف، مجید عومەر و غەفور ڕەشید دارۆغا ناسراوەکانیان بوون.

٢-باڵی کاک سالح ڕوشدی و مستەفا عەبدولکەریم و مەلا صبغەالله و مەلا بلۆکێنی. باڵی یەکەم باڵە زۆرەکە بوون و باڵی دووەم زۆر کەم بوون.

٣-باڵی بێلایەنەکان لەو نیزاعەی نێوان دوو باڵەکەی سەرەوە کە بریتیبوون لەخوالێخۆشبووان کاکە دەبابە + کاک عەونی یوسف + شەهید عەلی حەمدی + کاک عەلی عەبدوڵلا + کاک محەمەد موسا سادق + کاک بەکر ئیسماعیل. مامۆستا برایم و کاک جەلیل هۆشیاریش بێلایەن بوون و تازە لەزیندان دەرچووبوون.

باڵی کاک سالح-مستەفا، مامۆستا هەمزەیان بەخائین دەدایە قەڵەم و چەندین ناووناتۆرەیان لێنابوو، باڵی حەمزەییەکان وەك نیمچە دەروێشی کاک حەمزە وابووین و زۆر بەتوندی ئەو تۆمەتە ناڕەوایانەمان ڕەتدەکردەوە. من خۆم لەو کۆنگرەیەدا مامۆستا برایمم ناسی، وەختێ چوومەلای لەئوتێل (تروکادیرو) وەك نوێنەری باڵی هەمزەییان!، لەپاش چەندین کۆبوونەوە و قسەکردن لەگەڵیاندا ئەم ڕاستیانەم لەسەر مامۆستا بۆ دەرکەوت و زۆریش چووە دڵمەوە:

١-زۆر پەرۆشی یەکێتی ڕیزەکانی پارتی بوو، لەگەڵ هەموو لایەنەکان هەوڵیدەدا، قسەی دەکرد، پێشنیارەکانی هەڵدەسەنگاندن، خۆشی جێگەی متمانەی بەشە هەرەزۆرەکە بوو.. جێگەی هیواشمان بوو بۆ پاراستنی یەکێتی پارتی و خستنەوەگەڕی.

دوای گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لایەنەکان پێشنیارەکەی ئێمە پەسندکرد، لایەنەکان داوای دوورخستنەوەی مامۆستا هەمزەیان دەکرد. مامۆستا هەمزەش کە زۆر هیوای بەمامۆستا برایم بوو، نکولی لەوە نەبوو، بەلام ئێمە کە بەشە زۆرەکەی کۆنگرەکە بووین ئەوەمان بەو شەرتە پەسەندکرد کە هیچ یەك لەسەرکردایەتی کۆن، ئەمجارە هەڵنەبژێردرێنەوە، بەڵکو لیژنەیەکی پێنج کەسی بەڕێبەری مامۆستا برایم پێکبێت بۆ بەڕێوەبردنی پارتی و خۆسازدان بۆ کۆنگرەی داهاتوو بەئامادەکردنی پرۆگرام و پەیڕەوی نوێی ناوخۆشەوە، مامۆستا برایم ئەم پێشنیارەی بەو شەرتە پەسەندکرد کە کاک جەلیل هۆشیاریشی لەگەڵ بێت و سێ هەڤاڵەکەی تریش تا دەکرێ بێلایەن بن، هەرواشکرا، تەنها کاک سالح

ڕوشدی و ژمارەیەکی کەم لەئەندامانی پارتی لەم بڕیارە ڕازینەبوون و نەهاتنە کۆنگرەکە و جیابوونەوە لەپارتی.

٢-زۆر ژیرانە و عیلمیانە و هۆشیارانە دەینواڕیە گیروگرفتەکان و هەوڵیدەدا لەشێوەی شەخسی و ڕەخنە لەشەخس گرتن دووریانبخاتەوە، خۆی دژی تۆمەتەکانی سەر خودی کاك هەمزە بوو، بەڵام ڕەخنەی لەپێکهاتەی پارتی و سەرکردایەتی و ناوی پارتی و پرۆگرام پەیڕەوی پارتی هەبوو و دەیویست ئەوانە چارەی پێشکەوتنخوازانەیان بۆ بدۆزرێتەوە و نەخرێنە قاڵبی شەخسیەوە.

٣-مرۆڤێکی چەپی شۆڕشگێڕی هۆشیار و زانا بوو، دەیویست پارتی بەرەو ڕەنجدەران و جوتیاران و کرێکاران بەرێت و بیکاتە پارتێکی ڕەنجدەرانی شۆڕشگێڕ، دژی ئیمپریالزم و پاشایەتی و دەرەبەگایەتی.

٤-گەرەکیەتی گۆڕین و گەشەپێدانی بنەڕەتی لەپارتیدا بکات، هەر لەپێکهاتەی پارتیەوە تا سەر ناوەکەی، تا سەر پرۆگرام و پەیڕەو، تا سەر شێوە تەکتیکەکانی خەباتی و... هتد، هەر لەو کۆنگرەیەشدا ناوی پارتی کرا بەپارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق، دیارە لەسەر داوای ئەو و بەرەزامەندی هەموانیش.

ئا ئەوها مامۆستا برایم توانی یەکێتی بەشە هەرەزۆر و گرنگەکەی پارتی بپارێزێت و ناکۆکی و خیلافەکان لەشتی شەخسی دەربهاوێت و هەوڵەکانی ناوخۆ بخرێتە سەر سکەی شەمەندەفەری گۆڕاندن و گەشەپێدانی پارتی. لەوساوە ئیتر ناکۆکی و ململانێی ناوخۆی حیزبی ڕێگە مەبدەئیەکەی گرتەبەر، ڕێگەی بیروباوەڕ و دووان لەسەر پرۆگرام و پەیڕەو و سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانەی چەپیش کرا بەڕێبازی پارتی.

لەدوای کۆنگرەی دووی پارتیەوە، مامۆستا برایم پرۆگرام و پەیڕەوێکی زۆر پێشکەوتنخوازانەی بۆ پارتی داڕشت، ڕوخانی پاشایەتی و دانانی ڕەژیمێکی دیموکراتی گەل، دوو کۆماری فیدراڵی بۆ کوردستان و عێراق، چاککردنی زەویوزار و لەڕەگوریشە هەڵکەندنی دەرەبەگایەتی، ڕووکردنە کرێکاران و جوتیاران و هاندان و ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی خەباتەکەیان، خۆداشکاندن بەلای ئۆردوی سۆشیالیستی دژی ئۆردوی ئیمپریالیستی و ئنجا وەکیەکی ژن و پیاو و دروستکردنی ڕێکخراوی قوتابیان (خوێندکاران) و لاوان و ژنان کرێکاران و جوتیاران و،.. هتد، ئەوانەش هەموویان لەکۆنگرەی سێەمینی پارتی کە لە (٢٦)ی کانوونی دووەمی (١٩٥٣) لەکەرکوك گیرا، بڕیاریان لێدرا و خرانەناو پرۆگرامی تازەوە.

واتە لەپاڵ خەباتی حیزبایەتی، مامۆستا برایم خەباتی چینایەتی و خەباتی توێژە جیاجیاکانی کومەڵ (خوێندکاران + لاوان + ژنان)ی خستەسەر بەرنامەی کاری پارتی، ئەوەبوو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەشوباتی (١٩٥٣)دا و پاشان یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ئنجا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێکهێندران. لەسەر ئاستی عێراقی و جیهانیشدا هەم خۆی و هەم هەڤاڵانی هاندا بۆ بەشداری لەجولانەوەی ئاشتی دنیا و هاوکاری لەگەڵ حیزبە عێراقیەکان بەتایبەتی لەگەڵ حیزبی یەکێتی تێکۆشانی مامۆستا (عەزیز شەریف) کە بەئاشکرا پشتیوانییان لەماف چارەی خۆنوسین بۆ گەلی کورد

دەکرد و هەروەها هاوکاری لەگەڵ حیزبی نیشتمانی دیموکراتی مامۆستا کامیل چادرچی، لەجولانەوەی ئاشتیدا مامۆستا برایم ئەستێرەی زێرینی پێبەخشرا، سەبارەت بەدەور و چالاکیەکانی لەجولانەوەکەیدا.

## مامۆستا برایم و یەکخستنەوەی حیزبە شیوعیەکان

لەساڵی (١٩٤٩)دا لەعێراق مامۆستا عەزیز شەریف حیزبی (وحدة الشيوعيين العراقيين)ی دروستکردبوو، لەساڵی (١٩٥٣)دا (حشع) بوو بەدوو لەتەوە، بەشە زۆرە چەپەکە لەژێر ڕێبەری مامۆستا بەهائەدین نوری (باسم)دا و بەشە کەمە کلاسیکیەکەش بەڕێبەری شەهید جەمال حەیدەری و مامۆستا عەزیز محەمەد. ناکۆکیەکە لەسەر بەرنامە و جۆری کارکردن و هەڵسوڕاندنی حیزبەکە بوو لەلایەن سەرکردایەتی (باسم)ەوە، کە توانیبووی حیزبەکە ببوژێنێتەوە و ڕاپەڕینی تشرینی (١٩٥٢) ڕێبەری بکات. سەرکردایەتی (باسم) داوای ڕوخاندنی پاشایەتی و جەمهوریەتێکی دیموکراتی گەلی و مافی چارەی خۆنوسین بۆ کورد بەمافی جیابونەوەشی دەکرد. باڵەکەی تر هەر لەسەر پەیمانەکەی شەهید فەهد سووربوون، بەمجۆرە سێ ڕێکخراو بەناوی شیوعیەتەوە کاریاندەکرد.

مامۆستا برایم پێیوابوو کە جولانەوەی شیوعیەت لەڕووی بابەتیەوە دۆستی گەلی کوردستان و هاوپەیمانیەتی، دابەشبوونی خراپ و پڕ لەزەرەر و زیانە هەم بۆ خەباتی عێراقی و هەم هی کوردستانی و هەرچەندە مامۆستا برایم زۆر دۆستی مامۆستایان عەزیز و عەبدولڕەحیم شەریف بوو و سیاسەتی ئەوانی پێ ڕاستتر لەوانیتر بوو بەتایبەتی لەهی (راية الشغيلة)ی ئۆرگانی باڵە کلاسیکیەکەی حشع، بەڵام دیسان هەر پێی باش و پێویست بوو ئێمە هەوڵی یەکخستنەوەیان بدەین. ئەوە بوو لەساڵی (١٩٥٤-١٩٥٥)دا لیژنەیەك لەبەغدا پێکهێندرا بەڕاسپاردەی خۆی لەهەڤاڵان مام جەلال و حەبیب محەمەد کەریم بۆ پەیوەندیکردن بەهەموو لایەنەکانی شیوعیەوە و ئەوەبوو پاشان چەندین کۆبوونەوە لەماڵە نهێنیەکانی سەر بەپارتی ئەنجامدران و (حزب وحدة الشيوعيين) خۆی حەلکرد و چووەناو (حشع)ەوە و پاشان بەهەوڵی حیزبی شیوعی سووری (راية الشغيلة)ش خۆی حەلکرد و چوونەوە ناو (حشع)ەوە و بەمجۆرە جولانەوەی شیوعیەتی عێراقی یەکیگرتەوە، مامۆستا برایم ئەوەی زۆر پێ باشبوو، هەوڵیشی بۆ دابوو.

## یەکگرتنەوەی خەباتگێڕانی کوردستانی لە پارتی یەکگرتووی کوردستاندا

مامۆستا برایم نێوانی خۆشبوو لەگەڵ دەستەکەی خوالێخۆشبووان نەژاد ئەحمەد عەزیز و ساڵح دیلان و کاك خەسرەو تۆفیق و هاوڕێکانیان. ئەوانە لەحشع جیابوونەوە لەناو (حشع)یشدا تەئسیریان هەبوو، تەنانەت کاریانکردبووە سەر (حەمید عوسمان)ی سکرتێری (حشع) و کاکەی فەلاحی ڕەحمەتی و چەندین کادری شیوعی تر، بەڵام ئەمانە هاتبوونە سەر بیروڕای حیزبێکی پێشڕەوی کوردستانی، ئامادەش نەبوون بێنە ناو پارتیەوە.

لەسەرێکی ترەوە مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵاش ڕێکخستنێکی بچووکی هەبوو بەناوی (الجناح التقدمي للحزب الديموقراطي الكردي العراقي)یەوە کە لەڕووی بیروباوەڕ و دروشمەکانیەوە زۆر لەلای ڕاستی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق بوو، چونکە نە دیموکراسی گەلی و نە چاککردنی زەویوزار و نە

گەڵ دروشمی چەپی تریان هەڵدەگرت، مام جەلال لەسەفەرەکەی مۆسکوی یەکەمیدا ساڵی (١٩٥٥) کە لەپەکین گەڕابووەوە، بەهۆی خوالێخۆشبوو (مەهدی هاشم نەجەفی)یەوە ڕای مەلا مستەفای بارزانی ڕەحمەتی پرسیبوو لەسەر کاك هەمزە، و بارزانی پێیباشبوو یەکبگرینەوە لەگەڵیدا، هەندێ ڕاسپاردەشی بەهۆی مام جەلالەوە بۆ کاك هەمزە و شێخ لەتیفی ڕەحمەتی ناردبوو.

بۆیە دوای گەڕانەوەی مام جەلال چاکتر مەسەلەی یەکگرتنەوە هاتەوەکایە، لەسەر ڕاسپاردەی مامۆستا برایم، مام جەلال کاك هەمزەی دیت و خۆشی کاك نەژاد و کاك خەسرەو و هەڤاڵانی ئەوانی دیتبوو، بەمجۆرە زەمینەی پێکهێنانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان سازدرا و مامۆستا برایم دەورێکی گرنگی تێدا دیت بۆ پێکهێنانەکەی بەتایبەتی کە جێگەی متمانەی کاك خەسرەو تۆفیق و کاك نەژاد و ئەوانیش بوو.

چالاکیەکی تری مامۆستا برایم لەو سەردەمەی خەباتەکەدا پشتیوانی شۆڕشی میسر و جولانەوەی هەڵچووی نەتەوەی عەرەب بوو، مامۆستا برایم هەر لەزووەوە دژی ئەو تێزە بوو کە سەرۆك ناسر و ئەفسەرە ئازادەکانی میسری بەدەستچێنی ئەمریکا دادەنا، پێیوابوو ئەوانە کومەڵێ لاوی شۆڕشگێڕی نیشتمانپەروەرن، بەڵام هێشتا بەبارێکدا نەکەوتوون. لەکاتی هەڵچوونی خەباتی نەتەوەی عەرەبدا بەتایبەتی دوای پەلاماری سێقۆڵی فەرەنسە و ئینگلیز و ئیسرائیل بۆ سەر میسر، کە مامۆستا برایم دژی وەستا و لەسەری درا بەمەحکەمەی عورفیش، مامۆستا برایم ئەم تێزەی بەرنامەڕێژکرد کە هەموو سەرکەوتنێکی قەومیەتی پێشکەوتنخوازی عەرەب سەرکەوتنە بۆ کوردایەتی و هەروەك هەموو سەرکەوتنێکی قەومیەتی پێشکەوتنخوازی کوردیش سەرکەوتنە بۆ قەومیەتی عەرەبی.

هەوڵیشیدا کە پەیوەندی دروستبکەین لەگەڵ جولانەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب لەمیسر و لە سوریە، بەهۆی خوالێخۆشبوو (سدیق شەنشەل)ەوە خۆی پەیوەندی کرد بەعەبدولناسرەوە و هەوڵیدا پاسپۆرت وەرگرێت و بچێت بۆ لای، کە سەرنەکەوت دۆستێکی خۆی، مامۆستا حەمەسەعید خەفاف ڕاسپارد کە پاسپۆرت وەرگرێت و بینێرێت بەنوێنەری پارتی و کورد هەرچەندە ئەندامیش نەبوو.

مام جەلال و هەڤاڵانی تریش کە لەسوریە بوون وەك د.کەمال فوئاد کە تازە هاتبووە ناو پارتیەوە، مامۆستا زەبیحی و مامۆستا هەژار، دەسەڵاتی پەیوەندیکردنیان پێدابوون تا لەگەڵ حیزبی بەعس و سوریەکان قسەبکەن، ئەوەبوو زەبیحی و فوئاد و مام جەلال، هەم ئەکرەم حۆڕانی سەرۆکی پەرلەمان و هەم سەرهەنگ عەبدولحەمید سەراجی ئەفسەری بەدەسەڵاتی سوریەیان بینی، بەمجۆرە پەیوەندیەکی باش لەسەر ڕاسپاردەی مامۆستا برایم لەگەڵ سوریە ڕێکخرا تا ڕادەی ئەوەی کە لەگەڵیان پێکهاتین لەسەر:

١-خۆسازدانمان لەکوردستانی عێراق بۆ شۆڕشی چەکداری بەیارمەتی چەك و پارەوپول لەسوریە و میسرەوە.

٢-سەرۆك ناسر کە ئەوسا بەتەمابوو بچێتە سۆڤیەت سەرۆك بارزانی ببینێت و لەگەڵی پێکبێت لەسەر نێوانی کورد و عەرەب و خەباتی یەکگرتوویان.

که مام جەلال گەڕایەوە، سەرۆکایەتی پارتی یەکگرتووش ئەو ڕێککەوتنەی پەسەندکرد و مامۆستا برایمیش هەر خەریکی خۆسازدان بوو بۆ سەردانی میسر بۆ هەمان مەبەست، بەڵام زۆری پێنەچوو شۆڕشی ١٤ی تەموزی بەسەرداهات، ئەمجارەیان مامۆستا برایم هەوڵیدا سەفەرێك بۆ سەرۆك بارزانی ڕێکبخات و وابکەین بەمیسردا بگەڕێتەوە و لەوێ سەرۆك ناسر ببینێت، بۆ ئەمەش هەم لەگەڵ سەفیری میسر قسەیکرد و ڕازیکردن بەپێشوازی لەسەرۆك بارزانی و هەم لەگەڵ کاك جەوهەری عەزیز پاشای دزەییدا چوونەلای وەزیری ناوخۆ (عەبدولسەلام عارف) بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت بۆ سەرۆك بارزانی و هاوڕێکانی و هەم بۆ ئاگادارکردنیشیان لەگەڕانەوەیان بەمیسردا.

ئەویش زۆری پێخۆشبووبوو و گوتبوی لەسەر چی لەگەڵ سەرۆك ناسر پێکهاتن ئێمەش ڕازیدەبین پێی، ئەوەبوو تەرتیبات کرا و مامۆستا برایم و خوالێخۆشبووان نوری ئەحمەد تەها+ شێخ سادق بارزانی + شێخ عبیداللە مەلا مستەفا بارزانی و ساڵح بەگی میرانی سەفەریانکرد بۆ پراگ، بەمجۆرە مامۆستا برایم کۆبونەوەکەی بارزانی لەگەڵ ناسردا ڕێکخست کە پاشان دەردەسەری زۆری بۆ مامۆستا برایم نایەوە.

## مامۆستا برایم و شۆڕشی ١٤ی تەموز

هەر کە شۆڕشی چواردەی تەموز سەرکەوت، کۆمیتەی ناوەندی پارتی لەکەرکوك کۆبوونەوە، لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاری پشتیوانیکردن لەشۆڕشەکە و جەمهوریەتەکە درا لەگەڵ داواکردنی دیموکراسی و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، بڕیاریشدرا لەهەموولایەکی کوردستانەوە وەفد ڕێکخرێت و بچنە بەغدا، خەڵك وەفدیان سازکرد و چوونە بەغدا و لەوێ لەوەزارەتی دیفاع ژەنەراڵ قاسم و سەرکردەکانی تری ڕەژێمی نوێ پێشوازیان لێکردن و مامۆستا برایمیش خوتبەیەکی مێژوویی خوێندەوە، تێیدا باسی دامەزرانی دەوڵەتی عێراق و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و گەشەپێدانی ناوچەکە و پێویستی عێراق بەدیموکراسی و،.. هتدی کرد.

مامۆستا برایم لایەنگری پاراستنی جەمهوریەتەکە بوو، هەرچەندە هیچ نوێنەرێکی پارتی لەحکومەتەکەشدا نەبوو، زۆری پێباشبوو لەخەبات تەرکیز بکرێتە سەر پاراستنی جەمهوریەت و داوای دیموکراسی، ئنجا چاکردنی زەویوزار و پەرەپێدانی ڕێکخستنەکانی پارتی و ڕێکخراوە دیموکراتەکان، بەڵام لەئەنجامی پڕوپاگەندەی ناحەزانی پارتی چوونەکەی لای عەبدولسەلام بۆ هێنانەوەی بارزانی بەجۆرێکی خراپ گەیاندرابووەوە ژەنەراڵ قاسم، کە گوایا دانیشتنەکە بۆیە بووە کە پارتی پشتیوانی یەکێتی عەرەب – یەکێتی عێراق لەناو جەمهوریەتی عەرەبی یەکگرتوودا بکات– ئەوانیش بیسەلمێنن کە کوردستانی عێراق ببێتە حکومەتێکی سەربەخۆ یان ئیقلیمێك لەو جەمهوریەتە عەرەبیەدا. کە ئەوەش ئەسڵوئەساسی نەبووە. نە شتی وا لەعەقڵی عەبدولسەلام دەوەشایەوە، نە هێشتا ئەوەش باسی لێکرابوو، ئەوە هەرچەندە پاشان لەگفتوگۆی کوردا لەگەڵ حوکمی بەعس و قەومیەکاندا ئەو داخوازیەی کە کوردستان ببێتە ئیقلیمێك وەك میسر و سوریە و عێراق لەیەکێتی عەرەبدا پێشکەشکرا، ئەو جۆرە فیتنەییە ساردیەکی لەنێوان مامۆستا برایم و ژەنەراڵ قاسمدا دروستکردبوو.

كه پاشان بەدۆزینەوەی سەرەداوێكی پلانێك دژی جەمهوریەت و گەیاندنی بەژەنەراڵ قاسم لەلایەن مامۆستا برایمەوە، ئەو ساردیەش نەما، بەڵام مامۆستا برایم تا دەهات لەفەردیەت و عێراقچیەتی زۆری قاسم و دووركەوتنەوەی لەدیموكراسی نیگەران دەبوو. ئەو وەك لەشیعرە كورتەكەیدا بۆ قاسم دوای برینداركردنی نیشانیداوە، ژەنەراڵ قاسم بەدەربڕی ئازادی و دیموكراسی و ڕزگاری دادەنێت بەشەخسێكی سادە كە بۆتە سەركردەیەك، پاشان لەسەر هێرشی قاسم بۆ سەر بارزانیش لێی‌نیگەران بوو، بۆیە لەدوای ئیجازەی حیزبەوە، (خەبات) دەستیكرد بەداواكردنی دیموكراسی و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دوایهێنان بەفەترەی گواستنەوە و هەندێ داخوازی كوردی.

مامۆستا برایم پێی‌وابوو جەمهوریەتی عێراقی – كە دەبێ بپارێزرێت– هەر بەدیموكراسی و سەلماندنی مافە دیموكراتەكان و مافی گەلی كوردستان دەپارێزرێت. كە هەندێ دەنگی ناسازیش كەوتنە باسی تواندنەوەی كورد، لەوتارێكدا كە لەڕۆژنامەی (الثورة)ی سەر بەقاسمدا بڵاوكرایەوە، مامۆستا برایم پێی‌وابوو كە دەبێ بكەوینە دیفاع لەخۆمان، مامۆستا برایم لەسەرەتای شۆڕشەكەدا و لەكاتی سەرۆكایەتیكردنی وەفدەكانی كوردستان و ئنجا دانانی دەستووری موەقەتدا زۆر هەوڵیدا ئۆتۆنۆمیان پێ بسەلمێنێت و بخرێتە دەستوورەكەوە، بەڵام هیچ یەك لەحیزبە عەرەبیەكانی بەشدار لەوەزارەتەكە و قاسم و عارفیش بەوە ڕازینەبوون. لەكاتی ئیجازەی حیزبیش "لەسەر ناوی كوردستان" مامۆستا برایم باش پێی‌داگرت تاكو سەلمێندرا. پاشان لەوتارێكدا ڕەخنەی لەوە گرت كە دەگوترێ (عێراق بەشێكە لەنەتەوەی عەرەب) و نیشانیدا ئەوە لەچەند ڕوویەكەوە ڕاست نیە، بەڵكو ڕاستیەكە ئەمەیە كە (گەلی عەرەب لەعێراق بەشێكە لەنەتەوەی عەرەب)یە، لەسەر ئەوەش درایە مەحكەمەی عورفی زۆر دلێرانە دیفاعیكرد.

لەمەسەلەی بوژاندنەوەی دەرەبەگایەتی و كۆكردنەوەی سەرۆك عەشیرەتە كوردەكانیش، مامۆستا برایم لەوتاری سەرەكیدا ڕەخنەی لەحكومەت گرت، بەمجۆرە وردەوردە نێوانی پارتی لەگەڵ قاسم تێكچوو بەتایبەتی نێوانی سەرۆكی پارتی (بارزانی) و سەرۆكی حكومەت (ژەنەراڵ قاسم)، هێشتا وەختی پەردەلادان لەسەر هەموو ڕاستیەكان نەهاتووە، بەڵام دەكرا و دەبوایە ناكۆكیەكە لەگەڵ میری نەتەقێندرێتەوە وەك كرا.

## ***هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول***

سەیر ئەوەیە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول بەوجۆرەی كە هەڵگیرسا، نە ویستی سەرۆكی پارتی (بارزانی) بوو، نە ویستی (م.س)، بەڵكو لەئەنجامی بەهەڵە تەقدیركردنی وەزعەكە لەلایەن سەرۆكایەتی پارتی و لەخۆبایی‌بوون و خۆبەزل و زۆرزانینی قاسم بوو. كۆكردنەوەی عەشایر لە(دەربەندیخان + بازیان + ئەزمڕ + خەلەكان+ بادینان)، بەڕاسپاردەی بارزانی بوو بەڵام نەك بۆ شەڕكردن بەڵكو بۆ زەغتكردنە سەر قاسم تاكو بێتەوە سەر ڕێی ئاشتبوونەوە لەگەڵ پارتی و سەرۆكەكەی، كەچی ئەوە لەدەستدەرچوو، قاسمی هاندا بۆ هێرشكردنە سەریان، ئەو كارە سەرەڕۆیە سەربەخۆیەی لەزاخۆش ئەنجامدرا بێ‌ئاگاداری سەرۆك و (م. س)، بووە هۆیەكی گرنگی پەلەكردنی قاسم لەپەلاماردانی كوردستان.

پاشان دوائیەوەی کە قاسم بەبەکارهێنانی فڕۆکەکانی توانی بڵاوە بەو کۆبوونەوە هەڕەمەکیە عەشایریە بکات و ئاغا و بەگەکان کەوتنە ناردنی بروسکەی پەشیمانی و تۆبە و دەربڕینی دڵسۆزی بۆی، سەری لەخۆی شێواند و بەفڕۆکە پەلاماری (بارزان)ی دا و سەرۆك بارزانی بەچەند سەد نەفەرێکەوە ناچارکرد کۆچبکات لەبارزان و شێخ ئەحمەدی نەمریش بروسکەی دڵسوزی بۆ قاسم نارد، دیارە هەندێ سەرۆك عەشیرەتی وەك کاکەباسی نەمر و میراودەلیەکان و شێخ حسێن بۆسکێنیش بروسکەیان نەنارد.

جا با بەکورتی بیگێڕمەوە کە چۆن هات و شۆڕش هەڵگیرساندن سەپێندرا بەسەر پارتیدا: کە نێوانی پارتی و سەرۆك بارزانی لەگەڵ ژەنەراڵ قاسم ئاڵۆزبوو، بارزانی ڕۆیشتەوە بارزان، وردەوردە قاسم کەوتە گرتنی سەرکردەکان، دوای کوژرانی (سدیق میران) ئەمری گرتنی مامۆستا برایمیش دەرچوو و پاشان خەبات و کوردستانیش داخران. مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەکی کرد، لەوێدا دوو بۆچوون هەبوو" یەکێکیان هی مامۆستایانی خوالێخۆشبوو برایم ئەحمەد، د. سەید عەزیزی شەمزینی، دکتۆر مراد، کاك نوری شاوەیس کە پێیانوابوو:

١-جارێ شۆڕش هەڵگیرساندن ماویەتی، پێویستە خۆمانی بۆ سازدەین، پێویستیەکانی وەك (چەك + ڕادیۆ + تفاق) پەیداکەین، وردەوردە هێزی پێشمەرگە دروستبکەین.

٢-ئاغا و بەگ و سەرۆك عەشیرەتەکان نابێ بژێندرێنەوە، ئەوانە بەکەڵکی سەرکردایەتی شۆڕش نایەن، شۆڕش دەبێ بەسەرکردایەتی پارتی و سەرۆکایەتی بارزانی بێت.

تەنها مام جەلال ڕای وابوو کە دەبێ دەستپێشکەری بکەین ئەگینا هەلمان لەدەستدەچێت و سەرۆك عەشیرەتەکان ناڕەزاییەکە دەقۆزنەوە و دێنەوە کایەکەوە، چونکە لەناو (ك. ن)دا هاوبیری مام جەلال هەبوون بەتایبەتی شەهیدان کاکە دەبابە و عەلی عەسکەری و ئەحمەد عەبدوڵلا و هەروەها مەلا عەبدوڵلا. بۆیە (م. س) بڕیاریدا مام جەلال بنێرێتە لای سەرۆك بارزانی و پرسی پێبکەین، کە مام جەلال چوو بۆلای لەچیای شیرین بوو، بارزانیش ڕای وابوو کە:

١-جارێ وەختی شۆڕش نەهاتووە بۆیە نابێ دەستپێشکەریی بکەین.

٢-ئەو کۆبوونەوە عەشایری و خەڵکیانە باشن بۆ زەغتکردنە سەر قاسم، کوشتنی هەندێ لەسەرۆك عەشیرەتە خائینەکانیش باشە.

لێرەدا لەلایەکەوە ڕای سەرۆك وەك هی (م. س) وابوو، لەلایەکی تریشەوە بەپێچەوانەی (م. س) بوو. کە من لێمپرسی ئایە ئەو زەغتە نابێتە هۆی تەقینەوە، لەوەڵامدا گوتی بەپێچەوانەوە قاسم ناچاردەبێت لەگەڵمان پێکبێتەوە، واتە بارزانیش زەغتەکەی بۆ پێکهاتنەوە بوو لەگەڵ قاسم نەك بۆ بەگژاچوون و شەڕکردن لەگەڵیدا. کە مام جەلال گەڕایەوە وەرامەکەی ناردەوە بۆ (م. س)، عەشایر زۆرتر کۆبوونەوە و (م. س)یش بەکوردیە نایابەکەی مامۆستا برایم لێکدانەوەیەکی زۆر ورد و ڕاستوڕەوای نارد بۆ لقەکان لەسەر دەوری سەرۆك عەشیرەتەکان، زەرەری ئەو ژیاندنەوەیەیان، زەرەری گواستنەوەی خەبات لەشارەوە بۆ شاخ بەڕێبەری ئاغا و بەگەکان و پێویستی خەباتی سیاسی و جەماهیری لەشارەکانەوە، ئەوەبوو

لەشەشی ئەیلولدا داوای مانگرتنیان کرد لەشارەکان بۆ داوا ڕەواکانمان، بەلاّم پاشان بەهەلّپەهەلّپی عەشایر و هەلّەکەی لای زاخۆ و مەغروری و لاساری قاسم شەڕەکە هەلّگیرسا.

کە قاسم بەفڕۆکەش کوردستانی بۆردومانکرد، هێشتا نە بارزانی و نە (م. س) بڕیاری شۆڕشیان نەدابوو، بارزانی بەتەمای وەرگرتنی پەناهەندەیی سیاسی بوو لەسوریە، ئەو هەولّە سەرینەگرت، (م. س) بەتەمای هێوربوونەوەی قاسم بوو، لەسەر داوای خۆی کاك نوری شاوەیسی نارده لای بەلاّم بێهودە بوو، بۆیە بارزانی و پارتی ناچاربوون بەربەرەکانی بکەن. تا لەکانونی یەکەمی سالّی (١٩٦١)دا لەکۆبونەوەکەی عەوالآن سەرکردایەتی پارتی بەدەنگی بەشە زۆرەکە بڕیاری دروستکردنی (هێزی پێشمەرگە) و شەڕی بەرگریی، نەك شۆڕشیدا.

کاك عەلی عەبدولّلاّ دژی ئەوە دەنگیدا و گوتی پێویستە خەباتبکەین قاسم بێتەوە سەر ڕێی دیموکراسی و ئێمەش خەباتی سیاسی بکەین. کاك نوری ئەحمەد تەها دژبوو چونکە گوتی شۆڕش بەسەرۆکایەتی بارزانی هەرگیز سەرناکەوێت، ئەوەش بووەهۆی زویری بارزانی بەتایبەتی کە کاری ڕاست نەبێ (ئەحمەد توفێق) خێرا خەبەرەکەی بۆ بردبوو. جا مامۆستا برایم لەو کۆبونەوەیەدا ناوی هێزی پێشمەرگە و شێوەی ڕێکخستنی لق و پەل و دەستەی دانا و ئنجا دروشمەکەش کە من لەدروشمی شۆڕشگێڕانی کوبام وەرگرتبوو، ئەو کوردانەی، ئەوی کوبا (الوطن او الموت) بوو من کردبووم بە(کوردستان یان مردن) مامۆستا برایم کردیە (کوردستان یان نەمان)، لەوساوە وردەوردە نەخشەیان دانا بۆ هاتنە شاخ و ئەوەبوو ئەشکەوتی مالومەیان هەلّبژارد بەبارەگای خۆیان.

ئەمەی سەرەوە مشتێك بوو لەخەروار، بەشێك بوو لەگەنجینەی خەباتی دوورودرێژی مامۆستای نەمر برایم ئەحمەد هەتا شۆڕشی ئەیلول. دیارە لەدوای هەلّگیرساندنی شۆڕشەوە باسێکی تر، لێکۆلّینەوەیەکی دیکەی گەرەکە، کە ڕەنگە جارێ وەختی لێدوانی بەڕاشکاوی نەهاتبێت.

مام جەلال


یادنامەکان